Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.4.7

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Rebin Abdalrahman Fatah
rebin.qader@chu.edu.iq

# دۆخی ئەنارشیزم لە سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١ - ٢٠٢١

**ڕێبین عبدالرحمن فتاح** / بەشی بەڕێوەبردنی نەوت وگاز و وزە، کۆلێژی کار، زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ

RECEIVED :02/08/2024
ACCEPTED :09/01/ 2025
PUBLISHED :15/08/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

ئەنارشیزم
سیستەمی نێودەوڵەتی
رۆژهەڵاتی ناوەراست

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە گرنگی داوە بە پاشخانێکی کورتی مێژوویی بۆ خودی چەمکی ئەنارشیزم و لێکەوت و کاردانەوەکانی، هەروەها کاریگەری ئەم چەمکە لەسەر شوێن و جێگەی وڵاتان پەیوەندییان بە ئاستی هێزی یەکترییەوە. هۆکاری ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، پەیوەندیدارە بە بوونی ئەنارشیزمی نێودەوڵەتی و گواستنەوەی ئەمە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ واقعی کرداری، بەتایبەت دوای ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011، سەنگ و قورسایی و پێگەی و وڵاتان لە سیاسەتی دەرەوەییان بەرانبەر بەو ژینگەییەی، کە سیاسەتەکەی ئاراستە دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتە سەر ژینگەی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی و کارلێک و پێکدادانی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011، وپێکدادانی بەرژەوەندنی دەوڵەتان لەناو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە شۆڕش و راپەرین تیادا روویدا. هەموو ئەو کارلێک و پەیوەندییانەی، کە لە نێوان وڵاتاندا هەیە، تەنها بە ئەندازەی پێویست بۆ پەیبردن بەئاستی ئەوەی چ کاریگەرییەکیان لەسەر خودی ئەو نائاراماییەی کە لەسیستەمی نێودەوڵەتیدا هەیە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا توێژینەوە دەربارەی ئەنارشیزم و سیستەمی نێودەوڵەتی بەیەکەوە و پێکەوە گرێدانیان بە یەکترییەوە، کارێکی ئاسان نییە، بەهۆی فاکتەرە خودی و بابەتییەکان، ئەگەر ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەدا نەتوانرێت دەرئەنجامێکی سوودبەخش بەدەست بهێنرێت و پەیی بە تەواوی کەلێن و لایەنەکانی ببرێت، چونکە بابەتەکە بابەتێکی قووڵ و فرە ڕەهەندە، بوارێکی فراوانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. بەهۆی خێرایی گۆرانکارییەکانەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و لەنێوان یەکە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیانێت کە کارکردن تیایدا ئەستەم بێت.

ئەنارشیزم خۆی دەبینێتەوە لە پشێوی و پاشەگەردانی، کە لە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە دوای جەنگی یەکەم(1914– 1918) و پاشتردا، زیاتر هەستی پێ دەکرێت و ئامادەیی هەیە لەو چوارچێوەییەی کە پێ دەوترێت سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی. ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە لە سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، لەوەش زیاتر کەم تا زۆر بە لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنی ئامادەبوونی لە سیاسەتی وڵاتانی زلهێزدا هەبووە. هەروەک چۆن دەبینین لە ڕابردوودا هێزی دەوڵەت دیارخەری کێش و قورسایی ئەو دەوڵەتەی دەردەخست، ئێستا بەکارهێنانی هێز بەرانبەر یەکتری لە دونیای ئەمڕۆماندا بووەتە ڕاستییەکی واقعی و سەلمێنراو، ئەمەش هۆکار و پاڵنەری زۆری هەیە، لە گرنگترینیان هەوڵی مانەوە و بەردەوامییە. بەمانایەکی تر خۆپارێزییە. واتە وڵاتان بۆ خۆپاراستنی خۆیان پانە دەبەنە بەر بەهێزکردنی خۆیان لە چوارچێوەی ژینگەی نێودەوڵەتدا.

**گرنگییەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوەیەکی سەرانسەرییە، لە باسکردنی ئەنارشیزم و کاریگەری و لێکەوتەکانی، هەروەها ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی دوای ساڵی 2011، لەگەڵ ئەوەشدا دۆزێکی چڕوپڕ و پوختە، لە هەردوو ڕووی تیۆری و کردارییەوە گرنگی خۆی هەیە:

**لە ڕووی تیۆرییەوە:** لەمیانەی توێژینەوەکە هەریەکە لە چەمکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە و یەکە نێودەوڵەتییەکان و ئەنارشیزم و بەهاری عەرەبی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووداوەکانی دوای بەهاری عەرەبی لەم ناوچەیە و نائارامی و ناسەقامگیرییەی دوای ئەم ڕووداوەنە هاتونەتە کایەوە، وەکو کرۆکی سەرەکی ڕوون دەکاتەوە. توێژینەوەکە چەند گرنگییەکی تیۆری بەدەستەوە دەدات، لەوانە:

1.ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە سەردەمی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان، چ کاریگەرییەکی هەیە، جگە لەوەی دەوڵەتان چۆن سیاسەتیان ئاراستەی ژینگەی نێودەوڵەتی دەکەن؟ بەتایبەت ژینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011 وڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی.

2.سیستەمی نێودەوڵەتی لە سەردەمی نوێدا و ئەنارشیزمی ئەم سیستەمە کاریگەری لەسەر ئەمنی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011، شێواز و فۆرمێکی نوێی ململانێ و هاتنە ناوەوەی دەوڵەتی ڕوسیا بۆ ناو ڕووداوەکانی ئەم ناوچەی،ە گرنگی و بەهای هەیە.

3. توێژینەوەکە هەوڵی سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەدات، کە جگە لە دەوڵەتان، هەندێک لە هەرێم و قەوارەی سیاسی نادەوڵەتین، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی سەروەری و کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتی تایبەت بە خۆشیان نین، بەڵام دەتوانن ببنە خاوەنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ناوخۆی و سیاسەتی وڵاتانی بەهێز و گەورە، وەکو لە یەمەن و سووریا و لیبیا چەندین گرووپی جیاجیا هەن و بەهێزیشن.

**لە ڕووی کردارییەوە:**

1. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەشدا دەردەکەوێت، کاتێک دەبینین توێژینەوەیەکی کەم و بگرە دەگمەن بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام دراون، بۆیە ئاشنا بوون بەوەی چی ڕوودەدات لە واقعی نێودەوڵەتیدا گرنگە، بەتایبەت ئەگەر توێژینەوەکە زانستی بێت.

2. هەندێک دەوڵەتان و یەکە نێودەوڵەتییەکان بە بیانووی جیاجیا و ناوی جیاجیا لە ئاراستەکردنی سیاسەتیاندا بۆ ژینگەی نێودەوڵەتی، وەک چارەسەرکردنی کێشەکان، پاراستنی ئاسایش، بەدیهێنانی ئاشتی جیهانی، مافی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی.....هتد، پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ پاراستن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان و لاوازکردنی بەرانبەرکانیان لە هەمان ژینگەدا، ئەمە لە دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی دەرکەوتن دوایساڵی 2011، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەوڵداوە بۆ دانانی سنورێک بۆ جەنگ و دوژمنکاری، بەڵام ئەمە ڕەنگە قورس بێت.

3. لەبەرئەوە سیستەمی نێودەوڵەتی لە بارودۆخی ئەنارشیزمدایە، چونکە ململانێی بەرژەوەندی لەنێوان دەوڵەتاندا هەیە، لەبەر نەبوونی حکومەتێکی جیهانی:

- لە ڕووی ناوخۆی: لەبەرئەوە دەوڵەتان هێز بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە سایەی ئەنارشیزمدا.
- لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە: کاریگەری ئەنارشیزمی نێودەوڵەتی لەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- توانای وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە سایەی نەبوونی حکومەتێکی جیهانی لەم ناوچەیە بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی دوای ساڵی 2011.

### ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە لێکۆڵینەوە لە ژینگەی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی و سیستەمی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بەتایبەتی دوای ساڵی 2011، ئەو قەیران و پاشەگەردانییەی کە لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا هەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی تەواوی خاڵە ورد و درشتەکانی ئەم بابەتە، لە پێناو هەوڵ و تێگەیشتنی زیاتر لە ئەنارشیزم. هەوڵ و جموجۆڵی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011 وەکو تونس، میسر، یەمەن، لیبیا، سووریا و عێراق، هەروەها ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ ئەوەی، ئایا چی پاشاگەردانی و ئەنارشیزمی دروست کردووە؟ کاریگەری ئەمە لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاراستەی نائارامی و ناسەقامگیری، ئایا ڕۆڵی بەرژەوەندنی وڵاتان کاریگەری هەیە یان نا؟ هەوڵدان بۆ سەلماندنی ئەمە، ئەگەر بە ئەندازەیەکی کەم تا زۆریش بێت، هەوڵ دەدات بۆ خستەنەڕووی ڕۆڵی سیاسەتی وڵاتانی زلهێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2011، ئەو بەرژەوەندییانە چین، کە وا دەکات زلهێزەکان ئەم ناوچەییە بە ناوچەی جێی نفوزی خۆیان بزانن.

### گرفتی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە ئایا کاریگەری ئەنارشیزم لە سیستەمی نێودەوڵەتی هۆکارە بۆ دروستبوونی ئەنارشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ساڵی 2011، یان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان لاوازن ناتوانن ڕووبەڕووی ئەنارشیزمی نێودەوڵەتی بوەستنەوە، یان ئەم وڵاتانە لە ناوخۆی خۆیاندا تووشی قەیران و گرفتی سیستەمی سیاسی هاتوون، ئەم گرفت و قەیرانانە کاریگەری و کاردانەوەی لەسەر ناوچەکە هەبووە ؟

توێژینەوەکە خۆی لە چەند پرس و پرسیارێکی سەرەکی دەبینێتەوە، کە دەمانەوێت بە شێوازێکی زانستی بە شوێن وەڵامەکانییاندا بگەڕێین، بەشێوەیەکی قووڵ لێیان تێبگەین، بەتایبەتی ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011، ئەو ناسەقامگیرییەی دوای ئەم ڕووداوانە هاتە ئاراوە، کاریگەری هەبووە لەسەر ئەمنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە هەندێ کێشەی ناوخۆیی وڵاتانی بەهاری عەرەبی لە چوارچێوەی یەک وڵات نەماوەتەوە، بەڵکو ئاراستەی هەرێمی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە، وەکو ڕووداوەکانی سووریا کە تا ئێستاش بەردەوامە، ڕووداوەکانی یەمەن، کێشەی حویسەکان یارمەتییەکانی وڵاتانی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هەریەکە لە لایەنەکانی ناوخۆی یەمەن. کەواتە کێشەی نەبوونی ئەمن و ناسەقامگیری و ئەنارشیزم، کە لە دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی ساڵی 2011 لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبوون، بوونەتە کێشەی ئەمنی هەرێمی لەم ناوچەیەدا. تا ساڵی ٢٠٢١درێژەیی هەیە و چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەروەها ئەم کێشانە ڕەهەندی هەرێمی و نێودەوڵەتیشی هەیە.

ئەنارشیزم چیە و چۆن ئەو دۆخە دروست دەبێت؟ ئەم چەمکە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئاشتی نێودەوڵەتی هەیە؟ بۆچی دەوڵەتان هەوڵی زیاتر بەهێزکردنی خۆیان دەدەن لە سایەی هەبوونی سیستەمی نێودەوڵەتیدا؟ بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی 2011، ئەو دۆخە نائارامییەی لەدوای ئەم ڕووداوەنە دروست بوون چ کاریگەرییەکیان لەسەر ململانێیەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

ئەنارشیزم و پادشاگەردانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتانی زلهێزدا، کاردانەوەی لەسەر بارودۆخی ئەمن و ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١دا، لەبەرئەوە خراپبوون و شڵەژانی باری ئەمنی ئەم ناوچەیەش کاریگەری لەسەر ئەمنی هەرێمی و نێودەوڵەتیش هەبووە.

**میتۆدەکانی توێژینەوەکە:**

**میتۆدی مێژووی:** بۆ ناسین وتوێژینەوە لە لایەنی مێژوویی بابەتەکە بەکاردەهێنرێت.

**میتۆدی وەسفی شیکاری:** بۆ وەسفکردنی پێگەی دەوڵەتانە لە سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیدا، دەرخستنی لایەنی ئەرێنی ونەرێنییەکانی پێگەکە بەکاردەهێنرێت. بۆ شیکارکردنی زانیارییە پێویستەکان و گەڕان بەدوای هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکانی ناو بابەتەکە و چۆنیەتی هەوڵی بەزانستیکردنییان سوودی لێ وەردەگیرێت.

**میتۆدی بەراوردکاری:** بۆ بەراوردکردنی ئاستی پێگەی وڵاتانە لەژینگەی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتیدا لەنێوان قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، لەگەڵ سروشتی و هۆکاری ململانێیەی نێوان وڵاتان، بەتایبەتی دوای ساڵی 2011 ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی.

**توێژینەوەکانی پێشوو (دراسات السابقة)**

• توێژینەوەیەک بەناونیشانی: سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بەرانبەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سایەی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان، دراسەی دۆخی سوریا لە ساڵی 2010 – 2014. (السياسية الخارجية الروسية تجاه منطقة الشرق الأوسط في ظل التحولات الراهنة – دراسة حالة سوريا 2010-2014)کە توێژەر نجات مدوخ، توێژەر جەختی کردووەتەوە لەسەر سیاسەت وستراتیژییەتی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بەتایبەت پاش ساڵی 2011 و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، هەروەها دەستێوەردانی ڕوسیا بەتایبەت لە سوریا، کە ئەمەش ململانێی نێودەوڵەتی بەدوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی.

• توێژینەوەی کێبڕکێی ئەمریکی و ڕوسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دراسەی دۆخی قەیرانی سوریا لە 2010 –2014، توێژەر عبدالرەزاق بوزیدی، کە جەختکردووەتەوە لەسەر ململانێی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان لەم ناوچەیە، بەتایبەتی دوای دەستێوەدانی سەربازی ڕوسیا لە سووریا لە ساڵی2015، و دیدوبۆچوونی و دنیابینیی ستراتیژییەتی ئەم دوو وڵاتە بۆ داهاتووی بەرژەوەنییەکانیان.

• توێژینەوەی شوێنەواری دەستتێوەردانی سەربازی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دراسەی دۆخی عێراق و لیبیا بە نموونە، توێژەر:حیدەر موسا منخی قریشی، توێژەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەستێوەردانی سەربازی وڵاتانی زلهێز لە بارودۆخی ناوخۆیی، وڵاتانی تر چ کاریگەرییەک لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات، بەتایبەتیش لە هەریەکە لە عێراق و سوریا، کە قەیرانی ئەم دوو وڵاتە قەیرانە ناوخۆییەکانیان سەری کێشاوە بۆ دەرەوەی سنووری ئەم وڵاتانە، سەرئەنجام کاریگەری کردووەتە سەر بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

**پەیکەری توێژینەوە:**

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەکی، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم:ئانارشیزم و بونیاتی  سیستەمی نێودەوڵەتیدا، کە دابەش دەبێت بۆ سێ باسی سەرەکی. بەشی دووەم/ قەیرانی سیستەمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011. بەشی سێیەم بریتی دەبێت لە کاریگەری ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەسەر ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011.

## 1 ئەنارشیزم وبونیاتی سیستەمی نێودەوڵەتی

وەک دەروازەیەک و ڕێنیشاندەرێک بۆ چوونە ناو کرۆک و تەواوی لایانە زانستییەکانی توێژینەوەکە،  ئەمە وەکو دەروازەیەک و سەرەتایەکیشە بۆ ناساندنی چەمکە سەرەتایی و کلیلییەکانی توێژینەوەکە.

### 1-1 ناسەندنی ئەنارشیزم وسیستەمی نێودەوڵەتی.

ئەنارشیزمی(پاشاگەردانی)نێودەوڵەتیی، واتا سیاسەتی نێودەوڵەتیی پاشاگەردانییە، چونکە دەوڵەتێک بە تەنیا، یان ژمارەیەک دەوڵەتی هاوپەیمان(coalition of states) نین، کەجڵەوی ڕەهایان بەسەر هەموو سیستەمەکەدا هەبێت، واتە حکومەتێکی ناوەندیی- مەرکەزیی نییە. بەڵکو سیستەمی نێودەوڵەتیی کۆمەڵێک دەوڵەتی خاوەن سەروەریی تیایدایە، کە بەرپرسن لە چارەنووسی خۆیان(گەیلان ٢٠١٢،ل13).

زانای سیاسی ئەمریکی"(مۆرتن کابلن)پێی وایە، سیستەم بریتییە لە کۆمەڵێک گۆڕاو، کە پەیوەستن بەیەکەوە و چوونەتە ناویەکەوە، کارلێککردنەکان و هەموو گۆڕاوەکان، لە ناوخۆ و لە دەرەوە دەگرێتەوە، هەروەها بیرمەندی ئەمریکی تیۆریستی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان"Kenneth Waltz" لە پێناسەی سیستەمدا دەڵێت:"گوزارشتە لە کۆمەڵێک یەکە، کە وا کارلێککردن لەنێوانیاندا هەیە، لەلایەکەوە سیستەم پێکهاتووە لە هەیکەل یان بونیات و لەلایەکی ترەوە پێکهاتووە لە کارلێککردن لەنێوان یەکەکاندا"، بۆیە دەکرێت سێ ئەرکی سەرەکی بۆ سیستەمی نێودەوڵەتیی دیاری بکرێت کە:

1. هەبوونی ڕێساو بنەما بۆ ڕێکخستنی کارلێککردنەکان لەنێوان یەکەکانی سیستەمی نێودەوڵەتییدا.
2. یەکەکان، کە وا کارلێککردن لەنێوانیاندا هەیە.
3. ئەو کارلێککردنانەی، کە لەنێوان یەکەکانی سیستەمەکەدا هەیە.

سیستەمی نێودەوڵەتیی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی بۆ مامەڵەکردنی نێودەوڵەتیی لە بواری ململانێ و هاوکاریی،وەک هێزە گەورەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتییدا، کە بەسەر هێزەکانی تردا دەیسەپێنن، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا(فەرهاد ٢٠١٠،ل27).

بەڵام سەبارەت بە"سیاسەتی نێودەوڵەتیی(International Politics)بریتیە لەو کارلێکردنانەی، کە لەنێوان وڵاتاندا لە دەرەوەی سنوور ڕوودەدات"(فەرهاد ٢٠١٠،ل28)، هەروەها ئەنارشیزم کە تیۆرێکی سیاسییە(د.کمیل،ص31)."ئەم وشەیە لە وشەی(anarchy)وەرگیراوە، بە واتای نەبوونی سیستەم دێت(لا نظام)، بۆیە ئەنارکییەکان نارازین لەو شێوازە حکومەی، کە وڵاتانی ئێستا پەیرەوی دەکەن"(فرانک 2004،ل25)، دەکرێت ئەنارشیزم بریتی بێت لە"ڕێبازێکی سیاسیی ئاژاوەچییانەیە، کە لەگەڵ ئاوات و قازانجی چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشاندا ناگونجێت. لەڕووی چینایەتییەوە تابعێکی وردە بۆرژوازی هەیە، لە باری سیاسییشەوە کۆنەپەرستانەیە، و وەک ڕێبازێکی سیاسییانە ماوەی(100 تا 130)ساڵ لەمەوبەر لە ئەوروپا پەیدابوو"(داریوش 2002،ل9)،یان بە واتای دەوڵەتێکی بێ خاوەنی بێ سەروەری فەرمانڕەوایی دێت"(گەیلان ٢٠١٢،ل12).

ئەمە لە بنەمایەکی هۆبزییەوە وەرگیراوە، کە ئەویش بریتییە لە شەڕی هەمووان دژی هەمووانە"حرب كل ضد كل" و ئەنارشیزم(پادشاگەردانیی)،"کە بێ یاسایی(Lawlessness)پیشان دەدات. یان"Without a ruler" بێ حاکمی(Nawshirwan 2010). "هەروەها ئەنارشییەکان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتدا، پێیان وایە، کە باشترین جۆری حکومەت، بریتییە لە نەبوونی حکومەتە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی؛ لەبەرئەوەی هەموو ئەو کارانەی حکومەت پێی هەڵدەستێت کاری زۆرداریی و خۆسەپێنی تێدایە"(مدونة عربية مصرية 2009). ئەنارشیزم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

بریتییە لە نەبوونی دامودەزگا، کە خاوەنی دەسەڵات بێت(غراهام وجيفري:2004،ص26)."وەکو چۆن لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە"(د.محمود:2997،ص26-27).

ئەکادیمیستی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان مازن اسماعیل ڕەمەزانی، وا سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەناسێنێت، کە بریتییە لە"سەرجەم ئەو کارلێکانەی، کە لەنێوان دوو دەوڵەت دێتە کایەوە، جا بە ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دێتە بوون"(د.مازن:1991،ص53)، هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتیی تەرکیزی سەرەکی لەسەر ئەوەیە، کە وڵاتان ئامانجەکانیان بەدەست بخەن، لەسەر سروشتی دوو لایانە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتیی، کە (ململانێ و هاوکاری)یە(د.محمد:1998،ص4).

سەبارەت بە سیستەمی نێودەوڵەتی کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا و بنەما، کە تەحەکوم بە دیاردەیەک، یان کۆمەڵێک دیاردەی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە دەکەن(ثامر:2005،ص88)، هەروەها لە دیدگای( Kenneth Waltz) سیستەم دەڵێت"ئەم چەمکە گوزارشت لە کۆمەڵێک یەکە دەکات، کە کارلێک لەنێوانیاندا هەیە، واتە سیستەم لە لایەکەوە لە کۆمەڵێک هەیکەل و بونیات پێکهاتووە و ئەو یەکانەی ناویشی، کە پێکەوە کارلێک دەکەن"(الايران والعرب:2019)، بۆیە سیستەمی نێودەوڵەتیی، بریتییە لە چوارچێوەیەکی دامودەزگایی، دیبلۆماسی، یاسایی و سیاسی بواری پەیوەندییەکانە(أ.عربي:2016)، کە ملکەچی هیچ یاسا و ڕێسایەکی نوسراو، یان سیستەمێکی ڕەسمی، کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێک بخات نابێت(الموسوعة السياسية:2016)، هەروەها مازن ڕەمەزانی پێی وایە، کە سیاسەتی دەرەوە بریتییە لە"ڕەفتارێکی سیاسی دەرەوەی مەبەستدار و کاریگەرە بە نسبەت دروستکەری بڕیارەوە"(د.مازن:1991،ص53).

سیستەمی نێودەوڵەتی کە خۆی لەو ژینگە سیاسییە دەبینێتەوە، کە دەوڵەتان سیاسەتی خۆیانی ئاراستەیی دەکەن، بەبێ ملکەچبوون بۆ هیچ کۆتوبەندێک، بەو جۆرەی کە دەوڵەتان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان تەواو سەربەخۆن لە مامەڵەکردنی سیاسییان، هەر ئەمەشە وا دەکات، کە ئەو دۆخە ئەنارشیزمە دروست ببێت.

## 2-1 قۆناغەکانی پێشکەوتنی سیستەمی نێودەوڵەتی

### قۆناغی یەکەم لە ساڵی 1648- 1914

لە پەیماننامەی ویستفالیا دەست پێ دەکات، کە بریتییە لەو ڕێکەوتنەی کە توانی هاوسەنگی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا بەدی بهێنێت، هەروەها کۆتایی بە جەنگی سی ساڵەی ئاینیی[*]لە ئەوروپا هێنا، بووە هۆی دروستبونی سیستەمێکی نێودەوڵەتیی نوێ لەو ، لە سیستەمی نێودەوڵەتییدا بیری نەتەوایەتیی دیاردەیەکی سەرەکی بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ململانێ لە نێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتدا، کە ئەمە ململانێی ئایدۆلۆژیی نەبووە، دواتر دەرکەوت وەک ململانێی سەرمایەداریی وئیشتراکیی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەناسرێتەوە، بەوەی کە تەنها پەیوەندییەک بووە لەنێوان ئەو وڵاتانەی، کە خاوەن سەروەریین و بە دەوڵەتە نەتەوەییەکان ناسراوبوون(الجزيرة نت:2015).

ئەم پەیماننامەیە بووە هۆی کۆتایی هاتنی جەنگی سی ساڵە، کە کۆتا جەنگی ئاینیی بوو لە ئەوروپا، ئەمەش بەسەرەتای مێژووی دروستی سیستەمی نێودەوڵەتیی دادەنرێت، چونکە ئەمە بووە هۆی دوورخستنەوەی(بنەمای دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری)، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم پەیماننامەیە واقعێکی نوێ لە بواری سیاسەتی

---

**[*] جەنگی سی ساڵە** (Thirty Years' War)، **بریتی بوو لەو زنجیرە ململانێ خوێناوییەی، کە ئەوروپای گرتەوە لە نێوان ساڵانی (1618-1648)م، یەکەم ساتی دەست پێکردنی جەنگەکە لەناوەڕاستی ئەوروپاوە دەستی پێ کرد، بە دیاری کراویش لە ئەڵمانیای ئێستا. بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، ئەم جەنگەش، جەنگکێکی ئاینیی بوو، لەنێوان پرۆستانت و کاسۆلیك، هەروەها ململانێی نێوان خێزانی هابسبۆرگ و هێزە مەرکەزییەکانی تری ئەوروپا بەوەی کە کێ حکومی ئەوروپا بکات. وەرگیراوە لە: صلح وتنسلفايا، من الربط :** https://www.marefa.org

نێودەوڵەتیی هێنانەیە کایەوە، کاتێک کە فکرەی بنەمای هاوسەنگی هێز بووە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئاشتی(فردون:2006،ص52).

هاوسەنگیی هێز لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە سیستەمی وڵاتانی ئەوروپی بۆ هەردوو سەدەی(18 - 19) و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، سیستەمەکەش بریتی بوو لە سیستەمی ئیمپراتۆریی(نظام الامبراطورایات)، بەشێوەیەک زۆربەی ئەم هێزانەش ئەوروپی بوون، جەنگەکانیش جەنگی ئیمپراتۆریی بووە، بەتایبەت جەنگی حەوت ساڵە، کە جەنگێک بووە، هەموو ئەوروپای گرتۆتەوە. لەم کاتەدا دەوڵەتانی ئەوروپا داراییەکی زۆریان خەرجکرد، لە ڕێگەی هێزی دەریاییەوە هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدا، لەبەرئەوە سیستەمی نێودەوڵەتیی لەو کاتەدا لە وڵاتانی ئەوروپا خۆی دەبینییەوە(روبرت:2005،ص38-39).

بەکارهێنانی هێز لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە بووە شتێکی حەتمی، لە بنەمادا هێز بۆ چوار شت بەکاردەهێنرێت(د.محمد:1994،ص364)، 1. دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ.2. پارێزگارییکردن لە مانەوەی سیستەمی حکومڕانی باو. 3. بڵاوکردنەوەی ئاینی نوێ. 4.سەپاندنی یاسا، بەڵام دەوڵەتانی ئەوروپا ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە داگیرکاریی و دروستکردنی ئیدارەی بەڕێوەبردن بۆ ئەو دەوڵەتانە، بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا (اسعد:2006،ص156-157)، بۆیە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەوە بووە شتێکی حەتمی.

## 1-3 لە ساڵی 1914- 1945 قۆناغی جەنگی جیهانیی یەکەم ودووەم (Multi-Polarity)

ئەم قۆناغە"بە جەنگی جیهانیی یەکەم دەست پێ دەکات و بە جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی دێت، کە تیایدا چوار ئیمپراتۆریەتی گەورە کۆتاییان هات، ئیمپراتۆرییەکان گۆڕان بۆ(کۆماریی)، کە دەوڵەتی کۆماریی و بەشێکی زۆری وڵاتە ئەوروپییەکان گۆڕان بۆ دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی. مافی چارەی خۆنوسین پەیدا بوو، بەهۆی چەند نەتەوەیەکی نوێ، کە داوای سەربەخۆیی خۆیان دەکرد.

ئەمریکا وەک هێزێکی یان دەوڵەتێکی خاوەن نفوز دەرکەوت، هەریەکە لە ڕوسیا و ژاپۆن وەک دوو هێزی گەورە دەرکەوتن، بۆیە ئەم سەردەمە ناودەبرێت ب ەسەردەمی قەیرانەکان، کە بووە هۆی دروست بوون و لێک تێنەگەیشتن لە نێوان وڵاتاندا دواتر جەنگی جیهانیی دووەمی لێ کەوتووەتەوە(شنکاو:2004).

لە ڕۆژی1914/6/28سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم بوو، ئەویش بە کوشتنی ولی عهدی نەمساوی و خێزانەکەی لە کاتی سەردانێکیاندا بۆ بۆسنە و هەرسک، لەلایەن خوێندکارێکی سڕبییەوە(الجزيرة نت:2014) ئەم جەنگە تەواوی هێزە گەورەکانی ئابووریی لەخۆی کۆکردەوە لە دوو هاوپەیمانییدا، ئەوانیش بریتیی بوون لە هەریەکە هێزە هاوپەیمانەکان (قوات الحلفاء) و وفاقی سیانی، کە هەریەکە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، ئیرلەندا، فەرەنسا وئ یمپراتۆریەتی ڕوسی لە دژی دەوڵەتانی مەرکەز، کە بریتیی بوون لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی، ئیمپراتۆریەتی نەمساوی، دەوڵەتی عوسمانی و مەملەکەتی بولغاری بوون. هۆکارەکانی جەنگیش بریتی بوون لە بوونی هاوپەیمانی بۆ بەرگرییکردنی ئاڵوگۆڕ لەنێوان دەوڵەتاندا، هەروەها بوونی ئیمپراتۆرییەت، هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپی هەیمەنەی خۆیان بەسەر چەند ناوچەیەکی فراواندا سەپاندبوو، بۆیە لە بواری پێشبڕکێی سەربازیی، جیهان لەو دەمەدا بەخۆ پڕ چەک کردنەوە خەریک بوو، هەروەها هۆکاری ململانێی نەتەوەیی، هەبوونی نەزعەی نەتەوەیی وای کرد، کە جەنگ تەواوی ئەوروپا بگرێتەوە (محمد:2019). دۆخی سیستەمی نێودەوڵەتیی براوەکانی جەنگ بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دایبڕێژنەوە، بۆیە ڕووکارەکانی بریتی بوون لە:(د.خليل:2001)

- ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆی پەیماننامە و ڕێکەوتننامەکانەوە دوای جەنگ هاتبووە کایەوە، وەک خۆی نەمایەوە و گۆڕانکاریی بەسەرداهات، بۆ نموونە ئیمپراتۆریەت کۆتایی پێ هات، وەک چیکۆسلۆڤاکیا و یوغوسلاڤیا لە ئیمپراتۆریەتی نەمساوی جیا بوونەوە، بۆڵۆنیا بۆ نەخشەی سیاسی ئەوروپا گەڕایەوە.
- ئەوەی کە وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگدا توانیان بیکەن لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیی لەسەر بنەمای شەرعییەت بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو، بریتی بوو لە دروستکردنی کۆمەڵەی گەلان، بوون بە ئەندامی

ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان، ئەم کۆمەڵەیە سیفەتی سەرپەرشتیاریی سیستەمی نێودەوڵەتیی وەرگرت، لەگەڵ دروستکردنی بنەمای تەحەکومکردن بەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە.

- کۆمەڵەی گەلان بەهۆی ئەوەی، کە ئەمریکا ئەندام نەبوو تیایدا، ئەڵمانیاش لێی کشایەوە لە واقعێکی لاوازدا بووە.
- یەکێک لە بنەما گرنگ و پڕ بایەخەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی لەو کاتەدا، بریتی بوو لە هاوسەنگی هێز لەنێوان هێز وجیهانی فرە جەمسەردا، بەڵام دوای ئەوەی، کە هاوسەنگیی تێچوو، ئەمە جەنگێکی تری بەدوای خۆیدا هێنا.

دوای تێکچوونی هاوسەنگیی هێز و هەوڵەکان بۆ ئاشتی نێودەوڵەتیی و شکستهێنانی کۆمەڵەی گەلان، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ دروستبوونی جەنگێکی تری جیهانیی، ئیدی ئەڵمانیا هەوڵی ئەوەی دەدا، کە داگیرکاریی دەست پێ بکات لەپێناو زیادکردنی سنووری وڵاتەکەیدا، بۆیە نازییەکان پلانی ئەوەیان دانابوو، کە دەست بەسەر تەواوی وڵاتانی جیهاندا بگرن(ولیام:1973:ص331). ئەوروپا بەردەوام پشتی بەدوو هێزی سەرەکی بەستووە، چ بۆ جەنگ و چ بۆ ئاشتی، کە ئەوانیش بریتی بوون لە هێزی چەک و هێزی فکر، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا پشتیان بە هەردووکیان بەستووە(د.جورج:2011،ص24)، بەڵام ئەوروپا لە جەنگدا بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا پێشەنگ بوو، لە1سێبتەمبەری 1939 جەنگی جیهانیی دووەم دەستی پێ کرد، کاتێک کە ئەڵمانیا پۆڵەندای داگیرکرد، بەشێوەیەکی نائاشکرا لە 3ی سێبتەمبەری1939هەریەکە لە بەریتانیا و فەرەنسا، جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند(اسماء:٢٠١٩)، هەروەها هۆکارەکانی جەنگی جیهانیی دووەمیش بریتی بوون لە: (مجد:2019) ژاپۆن لە ساڵی1931مەنشوریای لە چین داگیرکرد. و کشانەوەی ئەڵمانیا لە کۆمەڵەی گەلان، لە ساڵی 1933. داگیرکردنی ئەسیوپیا لەلایەن ئیتاڵیاوە لە ساڵی 1935.

### 1-4- 1945- 1989 قۆناغی جەنگی سارد (Bipoarity)

ئەم سەردەمە بە سەردەمی(جەنگی سارد)یان(دوو بلۆکیی)دەناسرێتەوە، کەهەریەکە لەدوو هێزە گەورە ململانێکەرەکە، کە هەر دوو ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت دەگرێتەوە، زۆر بەخێرایی بەرەو گەورەبوون و گەشەکردنی زیاتر دەڕۆیشتن. هەردووکیان خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوون. ئەمریکا توانای لەڕووی سیاسیی و ئابووریی و سەربازییەوە بەهێزتر بوو، لەم سەردەمەدا ئایدۆلۆژیا وەک یەکێک لە گرنگترین سیماکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەرکەوت. لێرەشەوە دابەشبوون لەناو سیستەمی نێودەوڵەتیی دەرکەوت، کە وێنەی ململانێیەکی ئایدۆلۆژیی لەنێوان هەردوو بلۆکەکەدا دەرکەوت(شنکاو:2004).

پەیمانی ناتۆ پێش دامەزراندنی بەشێوەیەکی فەرمیی هەبووە، کە بنەماکەی دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو هاوپەیمانییەی، کە بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەپێش جەنگی جیهانیی دووەمەوە بەستبوویان(ه.ا.ل.فیشەر:٢٠٠٩،ل696). بنەمای دامەزراندنی ناتۆ پشتی بەماددەی(5)ی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستبوو. ئەم ماددەیە مۆڵەتی دروستکردنی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی بۆ بەرگری هاوبەش دەرکردبوو(مهدی:2006،ل115). ئەمریکا یەکەم هاوپەیمانیی سەربازیی لە سەردەمی ئاشتیدا دروست کرد، بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتی ئەمریکا خۆیان بەنەتەوە دیموکراسییەکان دەزانی(کسنجر:1995،ص9)، هەژموون و دەسەڵاتی سۆڤیەتیش لە ئەوروپا وردە وردە بەرەو زیادبوون دەچوو، بەتایبەت لەکاتێکدا کە جەنگی سارد لەنێوان کوتلەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا گەرم بوو، دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ئەوروپا پەرەی سەند(د.خلیل:2010،ص481).

لەگەڵ ئەوەی هەردوو بلۆک هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە هەژموونیان زیاد بکەن، بەڵام سیاسەتی جەنگی سارد بەگشتی لە زۆر باردا سیاسەتێکی ئەقڵانی بووە (محمد:2011،ص49). ئەوروپا بە ڕاستی لەنێوان ڕۆژئاوای سەرمایەداریی و ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیستییدا دابەشبوو بوو، بە وتەی مێژووناس(مایکڵ کورت)"تەنها بە هەبوونی ئەم پەیماننامەیە هەنگاوێکی سەرەکی بوو بە ئاڕاستەی جێگیرکردنی جەنگی سارد(بریتا:2007،ل46). کە جەنگی سارد بەو جەنگەی نێوان هەردوو سەربازگەی ڕۆژهەڵاتی (شیوعی)ڕۆژئاوای(سەرمایەداریی)دەوترا، کە بریتی بوو لە جەنگەکانی ڕاگەیاندن، فکریی، فەلسەفیی، شارستانیی و یاسایی...هەتا جەنگە گەرمە ناڕاستەوخۆکانیش(مسعود:2008،ل723)، بۆیە

جەنگی سارد بووە هۆی دابەشکاری سیاسیەتی نێودەوڵەتی لەنێوان هەریەکە لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا، کە هەریەکەیان هەوڵی راکێشانی دەوڵەتانی تری دەدا لە بەرژەوەندی سیاسیەتی خۆیدا بن.

## 1-5- لە ساڵی 1989- هەتا ساڵی 2001.

لە ڕابردوودا لە وڵاتانی عەرەبیدا، چەند جەنگ و پشێوییەکی ناوخۆی ڕوویانداوە، کە ئارامی و ئەمنی ئەم ناوچەیەی تیکداوە، بۆ نموونە، جەنگی ناوخۆی لە لوبنان کە 15ساڵی خایاندووە لە ساڵی 1975 بۆ ساڵی1990 بەردەوامی هەبووە، هەروەها جەنگی نێوان عێراق – ئێران، کە هەشت ساڵی خایاند، هەروەها هێرش و پەلاماری عێراق بۆ سەر کوێت تا داگیرکردنی دواتر ڕزگارکردنی لە ساڵی 1991، هەروەها داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا لە ساڵی2003، بە هۆکاری هەبوونی چەکی کیمیایی. زیادبوونی پشتگیرکردنی بەردەوامی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل لەسەر حسابی وڵاتانی عەرەبی، هەروەها لە ئاسیادا چەند ڕووداوێکی گەورە ڕوویاندا، لەوانە جەنگی ئەفغانستان و دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە و جەماعەتی تاڵیبان، هەروەها کیشمەکێشمی نێوان هەریەکە لە هندستان و پاکستان، کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، هەروەها هەبوونی کێشەی کشمیر لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا، ڕووداوی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٩١ و دەرکەوتنی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستی ئیسلامیی سەربەخۆ، کە پێنج دەوڵەتن....هتد. ئەمانە وەکو ڕابردووی سەرچاوەی پشێوی و نائارامی بوونە لەم ناوچەیەدا.

هەر لە کیشوەری ئاسیا دەرکەوتنی کۆمەڵێ دەوڵەت، کە خاوەنی ئابوورییەکی گەشەسەندوو بوون، کە هەوڵیان دەدا بۆ بونیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز، کە دووربێت لە هەژموونی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی. هەوڵی هەردوو کۆریا بەیەکخستنەوەی نیمچە جەزیرەی کۆریا و هەبوونی گرژی لەنێوان چین وتایواندا، کە ئەمریکا پشتگیری تایوان دەکات"(الجزیرة نت:2015). لە سەدەی ڕابردوودا بۆچوونێک هەبوو، کە لە سەرکردایەتی کردنی ئەمریکا بۆ جیهان بە گومان بوو، سەرەڕای بانگەشەکردنی ئەخلاقیی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی، بەڵام لە ئەمریکا ئەو بۆچوونە دروست بوو، کە ئەمریکا خاوەن ویستە وشیاوی پیادەکردنی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی،ی بەپێی درکپێکردنی دروستکەرانی بریاری ئەمریکی بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییان(د.منعم:2010،ص4).

لێرەوە ئەم پرۆژەیە واتا بەهێزکردنی ئەو شتەی کە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێی دەوترێت پاکس ئەمریکانا(سەردەمی هەیمەنەی ئەمریکی)، واتە هەیمەنەی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، کە هیچ نییە جگە لە ئیمپراتۆریەتێک، کە لەڕووی سەربازییەوە لەئیمپراتۆریەتی(ڕۆما)دەچێت (فاروق:2002،ل7). ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 ڕاستی بۆچوون و تێڕوانینەکانی پارێزگارە نوێیەکانی زیاتر سەلماند و گۆڕانکارییەکی گەورەشی بەسەر سیاسەت وستراتیژیەتی ئەمریکادا هێنا، لە بەرانبەر جیهان بەگشتی وڕ ۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی. ئەم ڕووداوانە وایان کرد ئیدارەی ئەمریکا بە پەلەتر و کارانەتر کار بۆ لابردنی ڕژێمە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەرەکان بکات، ئەوەش بە گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی نوێ، کە جەخت دەکاتە سەر وەشاندنی گورزی سەربازیی خۆپارێزیی(الوقائی). لەم چوارچێوەیەدا عێراق لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمە توندڕەوە ئیسلامییەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە تشرینی 2001، بوو بە دووەم شوێنی پراکتیزەکردنی ئەم ستراتیژییەتە نوێیە(نەوزاد:٢٠٠٩،ل96). واتە ئەم سەردەمە سەردەمی هەیمەنەی ئەمریکا بووە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی، کە براوی جەنگ بووە و هەوڵی زیاتری خۆسەپاندنی داوە لەسەر ئاستی جیهان.

## 1-6-لە ساڵی 2003 بۆ 2020

سەبارەت"بە ڕووداوەکانی 11سێپتەمبەر هەندێک دەڵێن، بریتییە لەو ڕووداوانەی هەموو شتێکی گۆڕی(تتغیر کل شیء)، هەندێکی تر بە جۆرێک ئەم ڕووداوەیان لێکداوەتەوە،کە(جیهان ناگۆڕێت، خۆر ڕووناکی نادات، هیوا و بەختەوەری ئیدی نایەت)، هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە بۆ داهاتوو دوور مەودا بوون، چونکە کاریگەرییەکانی ئەم ڕووداوە لە سەر زۆر ئاست بە دەرکەوتن، بوو بەهۆی دەستتێوەردانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان و دەوڵەتانی تر،

گۆڕینی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی دیبلۆماسیی و ململانێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی بەرزتر بوونەوە "(الفريد:2002،ص7-8).

لێرەوە سیستەمی نێودەوڵەتیی کارەکتەری تری ناسی، کە جیاواز بووە لە ڕابردوو، کە ئەویش بەجیهانیبوونی تیرۆر دەناسرێت، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە تیرۆر لەناو منداڵانی عەولەمەی ئەمریکییەوە دەچووە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی بەجیهانیبوونی دژ، لەبەرئەوە 11ی ئەیلول ململانێی گۆڕی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ململانێی دەوڵەت و دیاردەی تیرۆر، کە دیاردەیەکی دیاریکراو و نیشتیمانیی نییە، واتا ململانێی دەوڵەت و ڕێکخراوی تیرۆرستیی، ئەمە بووە هۆی لاواز دەرکەوتنی سیستەمی نێودەوڵەتیی بەهۆی پشتگوێخستنی ئەمریکا بۆ یاسا وڕێسا نێودەوڵەتییەکان، هەروەها پشت نەبەستنی ئەمریکا بە شەرعییەتی نێودەوڵەتیی لە ئیدارەکردنی ململانێیەکان و گەڕانەوە بۆ هێزی ڕەق و بەکارهێنانی لە دژایەتیکردنی دوژمنەکانی و ئەوانەی کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەکەن(د.نظام:2004). بۆیە لێرەوە سیاسیەتی لێدان و تێکشکاندنی دیاردەی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهانی، وکۆکردنەوەی هاوپەیمانی بۆ لەناوبردنی تیرۆر، بووە کارکتەری سەرەکی سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

**کەواتە ئەنارشیزم لەتێڕوانینی توێژەردا بریتییە لەو شێوازە حکومڕانییەی کەتیایدا:**

1. سەروەری یاسا بوونی نییە، بە واتای ئەوەی کە یاسا ناتوانێت بەسەر دۆخی شێواوی وڵاتدا زاڵ بێت و کۆنتڕۆڵی دۆخی نائارامیی و نەبوونی سەقامگیری سیاسی وڵات لە ناوخۆدا بکات.
2. حکومەت ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت بەوەی کە ژینگەی وڵات نالەبار دەبێت، چونکە ئەگەر حکومەت نەتوانێت هێزی(أرغام المادی المشروع)بسەپێنێت، یان بەکاربهێنێت ئەوکات ئەو دۆخە دروست دەبێت،کە پێی دەوترێت ئاژاوەگێڕیی واتا بێ سەرەوبەرەیی وڵات.
3. بنەمای سەرەکی ئەم ڕێبازە بریتییەلە( نەبوونی حکومەت= نەبوونی یاسا= بوونی گێرەشێوێنیی ونائارامیی = بوونی ژینگەیەکی فەوزاویی).

## 2- قەیرانی سیستەمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011

ئەنارشیزم و دۆخی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەو شڵەژاوییەی کە لەدوای ڕووداوەکانی یانزە ئەیلوولدا دروست بوو، وای کرد کە نائارامی و نەبوونی سەقامگیری پەلی کێشا بۆ دروستبوونی نائارامی لە سیستەمی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەتا دروستبوونی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لێ کەوتەوە لە ساڵی 2011دا. لەسەر ئەم بنەمایە بەشی دووەم دابەش دەبێت بۆ سێ باسی سەرەکی، کە بریتین لە: باسی یەکەم/ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011. باسی دووەم/ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە هەریەکە لە تونس و میسر و ڕۆڵی هێزی سەربازی لە ڕووداوەکاندا. باسی سێیەم/ قەیرانەکانی هەریەکە لە سوریا و لیبیا و یەمەن و ڕۆڵی هێزی سەرباز تیاندا.

### 2-1 ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011

وەکو پاشخانێکی مێژوویی بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ڕوویاندا لەدوای ساڵی ٢٠١١، گرنگە کە بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلول ساڵی ٢٠٠١، ئەمەش بۆ تێگەیشتنە لەو ڕابردووە مێژووییەی کە دەکرێت، وەکو سەرەتایی ئەو نائارامی ونا سەقامگیرییەی کە هەیە سەیر بکرێت، کە لەدوای ساڵی ٢٠١١ دروست بووە. وەکو چۆن لە خاڵی یەکەم و دووەمدا ئاماژەی پێ کراوە.

### 2-1-1 ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر 2001 و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووداوەکانی دواتر.

ڕووداوەکانی 11 سێبتەمبەری 2001 جیهانێکی نوێی بۆ ئەمریکا خستە بەرچاو، کە پێویست بوو ئەمریکا زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵدا بکات(یوگن:٢٠٠٨،ل79)، ئەمەش وای کرد ئیدارە و گەلی ئەمریکی بۆ ماوەیەک لە ترس و

دڵەڕاوکێدا بژین، کە هەستیان دەکرد لە ماڵی خۆیاندا هەڕەشەیان لێ کراوەو(ولیام:2009،ص15). ئەم ڕووداوە شەپۆلێکی هەڵقوڵاوی خەم و ترس و نادڵنیایی بەرپاکرد، هەم لە ناوخۆی ئەمریکا هەم لە دەرەوەی ئەمریکا(هالیدای:2004،ل20)، هەروەها ئەم ڕووداوە ناسروشتی وبێ وێنەبوو، چ لەڕووی قەبارە وتایبەتمەندی، بۆیە هەندێک داوایان کرد بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا بۆ ئەنجامدەرانی هێرشەکەی 11ی سێپتەمبەر بە هێزتر بێت لەکاردانەوەی ئەمریکی پاش بیل هاربەر(یوسف:2013،ص149). ئەم ڕووداوە چەند تایبەتمەندییەکیان هەبووە:

1. ئەو هێرشانەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردە ئامانج، چەندین ملیار دۆلار زیانی پێکەوت کە(2تریلیۆن دۆلار کە دەکاتە نزیکەی نیوەی داهاتی نەتەیی ئەمریکی لەو ساڵەدا)،(یوسف:2013،ص149). کە ئەمریکا هەم لە سەنتەری ڕابەری سیستەم و نەزمی نوێی دونیادا، هەم لە مەڵبەندی پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکاندا بە دواکەوت (نەوزاد:٢٠٠٧،ل16). لەم کاتەدا ئەمریکا لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتدا بوو. ئەم ڕووداوە کۆتایی بەو تیۆرە هێنا، کە دەڵێت (ئەمریکا ڕیزپەڕە)، واتا دوورە لە هەر هێرش و پەلامارێک(ئاکۆ:٢٠٠٩،ل89). و ڕاپرسییەکان ئەوەیان دەرخست کە 2 لەسەر3 ی هاوڵاتیانی ئەمریکا هەستیان بە دڵەڕاوکێ دەکرد، ڕەنگە ببنە ئامانجی کردە تیرۆرستییەکانی تر(یوسف:2013،ص152). لێرەوە ئەمریکا ڕووبەڕووی دوژمنێکی نادیار و سەرسەخت بووەوە، کە لە شێوەی تۆڕی تیرۆرستیدا دەرکەوتووە، و دژی ئەمریکا دەجوڵێتەوە(نەوزاد:٢٠٠٧،ل16). بەکارهێنانی سەرەتایترین ئامراز و نوێترین تەکنەلۆژیا بۆ ئەنجامدانی بێ وێنەترین هێرش، بەراوردێکی بێ وێنەبوو (یوسف:2013،ص152).

2. (وڵفۆیتز)جێگری وەزیری بەرگریی پێشووی ئەمریکا دەڵێت:((ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر نمونوەیەکی بچوکن لەسەر ئەوەی هێزی سەربازیی گەورە ناتوانێت ڕێ لە هێرشەکان بگرێت))(دانا:2009،ص106)، چونکە هێزی ڕەدعی دەوڵەتە زلهێزەکان بێ توانایە لەبەرانبەر دوژمنە نوێیەکان(یوسف:2013،ص153). دەزگا میدیاییەکانی جیهان بەتایبەت ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا بەشداریەکی کارایان کرد، لە دروستکردنی حاڵەتێکی هەستکردن بە ترس، بەشێوەیەک کە بەدرێژایی(5) ڕۆژ هەموو دوو خولەک جارێک بە تێکڕایی ئەم دیمەنەیان دووبارە دەکردەوە(یوسف:2013،ص154).

لێرەوە ئەمەریکا جەنگی دژی تیرۆر ڕاگەیاند، وەکو چۆن هنری کیسنجەر دەڵێت:"پێویستە ئەمەریکا ئەمە بکاتە ڕێرەوێکی نوێ بۆ هەیمەنە و خۆ زاڵکردن بەسەر جیهاندا، وەکو چۆن دوای بیرل هاربەر ڕوویدا"، هەیمەنەی جیهانی لە جەنگ دژی تیرۆر ڕاگەیەنرا، هەروەها جۆرج بۆشی کوڕ، کە سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند:"ئەوەی لەگەڵمان نەبێت، دژمانە". واتە ڕاگەیاندنی جەنگی ئیستباقی، چونکە بۆش ڕایگەیاند کە"ئێمە جەنگ دەگوازینەوە بۆ خاکی دوژمن، پلانەکانیان تێک دەشکێنین، ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبینەوە پێش دەرکەوتنیان"،وەکو بریجنسکی دەڵێت:"ڕووداوەکانی 11 ئەیللولی 2001 بووە هۆی بە سەربازی کردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا"، کە ئەمەش خۆی لە جەنگی ئیستباقی بینییەوە لە دواتر لە جەنگی ئەفغانستان و عێراقدا(دانا:2009،ص197–198).

## 2-1-2 ڕۆڵی نێودەوڵەتی پێش ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی2011.

مەبەستی سەرەکی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی مەودای ململانێ لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش، کە بڕیاری(1451) لە17/ دیسەمبەری 2002 دا، لە بڕگەی یەکەمدا داوای دەستبەجێ جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە(338)ساڵی 1973 دەکات، کە تایبەت بوو بە ڕاگرتنی ململانێ و پێکدادانەکان و دەستپێکردنی دانوساندنەکان. بڕگەی دووەم لەم بڕیارە تایبەت بوو بە درێژکردنەوەی ولایەتی مانەوەی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ناوچەیە بۆ ماوەی شەش مانگ، بەمەبەستی کەمکردنەوەی پێکدادان، هەروەها لە بڕگەی سێیەمی یاساکەدا داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، کە ڕاپۆرتێک لە ماوەی شەش مانگدا ئامادە بکات، سەربارەت بە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(القرار المجلس الأمن:2002)، کە ئەو ململانێیە هەیە، ڕەنگە بەرەو دۆخێکی تر سەربکێشێت.

ئەنجوومەنی سامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوور ئەفریقا لە ڕاپۆرتی خۆیدا لە ساڵی 2002دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دیار و بەچاو بوونەتەوە،

لەناوشیاندا کێبڕکێ چەکداری و هەڵکشانی توندڕەویی وتوندوتیژی، گوتاری ڕووبەڕووبوونەوەی کاری تیرۆرستی بە دیدوتێڕوانێکی مەدەنی و سیاسیانە، هەروەها ئەم ناوچەیە ململانێکی توندی درێژخایەنی تیایدایە، وەکو داگیرکردنی ئیسرائیل لە زەوییە عەرەبییەکاندا، کە یاسایی نێودەوڵەتی شکاندووە، هەروەها ئەو پێشلکارییانەی کە ڕووبەڕووی مافەکانی مرۆڤ دەبێتەوە، لە هەریەکە لە دەوڵەتانی سوریا، عێراق، لیبیا، فەلەستین و یەمەندا، ئەگەر چارەسەر نەکرێت سەردەکێشێت بۆ تێکچوونی ناوچەکە(الأمم المتحدة:2020).

بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە، مەکتەبی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکاری و پشتگیری خۆی پێشکەش بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، لەپێناو دروستبوونی داپەروەری و گەشەسەندنی حکومەتەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیری پێویست بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و بەرپابوونی سەروەری یاسا و بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و باشتر کردنی بواری مافەکانی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا(الأمم المتحدة:2020).

دەوڵەتانی ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا" سەبارەت بە دۆسیەی چاکسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیان وا بوو، پرۆسەی تیرۆر گەورەترین مەترسییە لە بەردەم فەرمانڕەوایانی ئەم ناوچەیەدا، پێویستە چاکسازی بکەن، بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپا پێیان وا بوو، کە دەبێت چاکسازی لە ناوخۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە لوتکەی تونس ئەنجامدرا لەنێوان ئازار بۆ ئایاری ساڵی 2005، بەڵام ئەم لوتکەیە هیچ دەستکەوتێکی وای نەبوو، تەنها جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، کە دەبێت چاکسازی لە ناوخۆی دەوڵەتانی عەرەبی ئەنجام بدرێت، کە یەکێتی ئەوروپا هاریکار و هاوکار دەبێت بۆ سوککردنی حاڵەتی قەیرانەکان لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا(الجزیرة:2004)، بۆیە هۆکارەکانی پێش دروستبوونی بەهاری عەرەبی زۆرن لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکو"ڕێزنەگرتنی هاوڵاتی، دزین، بەهەدەردانی ئابووری دەوڵەت، بڵاوبوونەوەی هەژاری، زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، گەورەبوونی گەندەڵی، وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکانی خەڵک لە ناوخۆدا، بڵاوبوونەوەی ترس و تۆقاندن و چەندان هۆکاری تریش، کە بوونە هۆی دروستبوونی بەهاری عەرەبی"(الحروب:2012).

### 3- ڕووداوەکانی(بەهاری) وڵاتانی عەرەبی لە تونس و لیبیا

بەهاری عەرەبی بریتییە لەو چەمکەی کە لە ڕاگەیاندنەکاندا لە ساڵی 2011دا بڵاوبوویەوە، کە خۆی لەو شۆڕش و نارەزایەتییە ئاشتیانە دەبینیەوە، کە دژی گەندەڵی و بێکاری و زۆرداری و زوڵمەی هەبوو و داوای ڕووخاندنی دەسەڵاتیان دەکرد، بەتایبەتی لە:

**3-1- لە وڵاتی تونس:** ئەویش بە خۆسوتاندنی (محمد بو عەزیز) دەستی پێ کرد، هەتا بووە هۆی لەسەر کار لادانی سەرۆکی تونس زین عابدین بن علی(المعرفة:2012)، بۆیە ئەو تەوژمەی بڵاو بوویەوە چەند دەسەڵاتدارێکی ڕاماڵی، کە زیاتر لە 25 ساڵ لەسەر کورسی فەرمانڕاوەیی بوون، بۆیە ناوچەکە دووبارە کەوتەوە بەر داڕشتنی نەخشە(فەیسەڵ خەلیل:٢٠١٩). دەوڵەتانی بەهاری عەرەبی بەو دەوڵەتانە دەوترا، کە سیستەمەکەیان بەهۆی بەهاری عەرەبیەوە ڕووخێنرا لە ساڵی 2011 بەدواوە. بەدیدی توێژەر سلیم نسر رقعي، پێی وایە خۆسوتاندنی محمد بو عەزیزی تەنها هۆکاری شۆڕشی تونس نەبوو، بەڵکو هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە واقعی تونسدا هەبووە، بەڵام هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش لە تونس بریتی بوو لە:(الشیوخ:2016).

یەکەم: زۆرداری سیاسی، لەبەرئەوە پارتی(حزب التجمع الدستوری الدیمقراطی)،دەستی بەسەر تەواوی چالاکی سیاسیدا گرتبوو، کە لە ساڵی 1987بەردەوام بوو. ئەم پارتە دەستی بەسەر80% کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا گرتبوو، کاتێک کە بن علی هاتە سەر حکوم لە ساڵی1989 بەڵێنی چاکسازی بە گەلەکەی داوە، بەڵام تەنها قسە بووە.

دووەم: هۆکاری ئابووری، ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری تونس ڕێژەیی بێکاری تیایدا گەیشتووە 50% و هەژاری هەموو وڵاتی داگیر کردبوو و دابەشکردنی نایەکسان لە سەروەت و سامان هەبووە، تەواوی سامانی وڵات لە پایتەخت لە دەستی چەند کەسێکی کەمدا بوو.

سێیەم: واقعی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی چینی گەنجان بە ڕێژەیەکی زۆر بێکاری تیایدا بڵاو بوو. کەمیان هەبوو توانای پێکهێنانی هاوسەرگیری هەبێت. پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەکو کارەبا و تەندروستی و پاکوخاوێنی زۆر کەمبووە، تەنانەت ئاو بۆ خواردنەوەش زۆر کەم بووە.
چوارەم: ئاستی خوێندن و کولتووری گەلی تونسی، ڕێژەیی نەخوێندەواری لە تونس گەیشتبووە 19% و مافی مرۆڤ زۆر خراپ بووە. کولتووری گەلی تونسی ڕۆڵی لە شۆڕشی تونسدا هەبووە، وەکو چۆن لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا دەوترا"ئەگەر گەلی تونسی ژیانی دەوێت، پێویستە چاوەڕێی قەدەر نەکات"، دروشمی"ئازادی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی"، باو بوو، بۆیە تەنها دوای27 ڕۆژ لەهەڵگیرساندنی شۆڕش زین عابدین هەڵهات و کورسی جێهێشت، وەزیری یەکەم کە محمد غانوشی بوو جێگەی گرتەوە بەشێوەیەکی کاتی، دواتر ئەنجوومەنی دەستووری بەپێی مادەی 57 دەستوور فواد میزع، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو، کرایە سەرۆکی کۆماری کاتی(الشیوخ:2016). لێرەوە ئەوەی لە تونس ڕوویدەدا بریتی بوو لە ئەنارشیزم و ئاژەوەگێڕی، کە ئەمە دواتر سەرکێشا بۆ دەرەوەی سنووری تونس و پەڕییەوە بۆ وڵاتانی تر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
لەم وڵاتانەدا قەیرانەکانی حکم و دیکتاتۆریەت و گەندەڵی و بێکاری و گەشەی گشتی و هەژاری هەبووە، ئەمانە کەڵکە بوون، داواکارییەکانیش بۆ چاکسازی سیاسی و دیموکراسی و ئابووری و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و....هتد، کە لەوەو پێش ئەم وڵاتانە دەرگیری قەیران گەلێکی زۆر بوون، نەیاندەتوانی چارەسەری بکەن، بۆیە ئەم قەیرانانە تەقینەوە، سەرئەنجام گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011 دروستبوون.

### 2-3- لە وڵاتی لیبیا

لیبیا کۆمارێکی باکوری ئەفەریقایە، سیستەمی سیاسی لیبیا ناودەبرێت بە سیستەمی جەماوەری، ئەو سیستەمە بوو، کە سەرۆکی پێشوو لیبیا معمر قەزافی پشتی پێ دەبەست، ناوی دەبرد بە دەسەڵاتی گەل بەڕێوەبردنی گەل لە خۆیەتی و بۆخۆیەتی لەسەر بنەمای ڕێنماییەکی ئاڵۆز(الجزیرة:2011). لیبیا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست ناوی ڕەسمی وڵات جەماهیری عەرەبی لیبیی میللی سۆشیالیستییە، زمانەکانی(عەرەبی زمانی فەرمییە، ئیتالی، ئینگلیزی)ە(ڕەئوف:2012،ل329). بەهاری عەرەبی شەپۆلێکی نارەزایەتی بوو، لیبیاشی گرتنەوە، بە ڕاماڵینی دەسەڵاتە سیاسییەکان و کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووی لیبیا(موعەمەر قەزافی)بهێنێت(زەڵمی:٢٠١١،ل11). ئەوەی ڕواڵەتی بەهاری عەرەبی جیا دەکاتەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکە زۆرەیە، کە جاران هەموو بێدەنگ بوون دژایەتی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانیان نەدەکرد، بەڵام لە ئێستادا زۆربەیان بەشدارن و ڕاپەڕین و شۆڕش دەکەن.
لە(16 ی شوبات)دا پێکدادانی خوێناوی لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی لیبیا و بەکرێگیراوەکاندا ڕوویدا، لەو میانەیەشدا هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران و جەماوەری نارەزا کرد لە شارەکانی(بەنغازی و بەیزا و درنە و ئەجدابیا). لە(17ی شوبات دا خۆپیشاندەران لە شارەکانی لیبیا بەتایبەت بەنغازی سەرکوت دەکران و بەهێرش کردنە سەریان و کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی(الجزیرة:2011).
ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی قەزافی بۆشایی ئەمنی و کێشە و گرفتی دروست کرد نەک پێچەوانەکەی، چونکە لیبیا کەوتە ناو ململانێکی توندەوە بەشێکی زۆری وڵاتی گرتەوە، لێرەوە ململانێ لەسەر دەسەڵات و نفوز لەلایەن لایەنە ناوخۆی و دەرەکییەکانەوە دەستی پێکرد، ئەمەش لە سایەی نەبوونی دامەزراوە و بڵاوبوونەوەی خۆپیشانداران بە چەکەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بۆیە دۆخێکی نەبوونی دەسەڵات و ئەنارشییەت دەستی پێ کرد(علاءالدین والنحاس:2019).

### 3-4 گۆڕانکارییەکان لە هەریەکە لە دەوڵەتانی تونس و میسر و ڕۆڵی هێزی سەربازی لە ڕووداوەکاندا

ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بەگشتی دۆخێکی نائارامی لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەمدا هێنایە کایەوە، ئەو دۆخەش ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکدا و دۆخێکی ئەنارشییەتی دروست کرد لەسەر ئاسایشی هەرێمی ناوچەکە."بەتایبەتی لە تونس، کە داواکاری خۆپیشاندەران سەرەتا سادە بوون، بەڵام کاتێک سیستەمی

سیاسی هێزی بەکارهێنا سەقفی داواکارییەکانیش بەرز بووەوە تا گەیشتە داواکاری ڕووخاندنی سیستەم"(فایسباغ:2014،ل90).

لە هەریەکە لە تونس و میسردا ڕۆڵی هێز سەربازی بریتی بوو لەوەی، ئەو نائارامی و ئاژاوەیەی هەیە، کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە هێزی سەربازی دژی خۆپیشاندەران نەبوون، لە بنەرەتدا سەرۆکی پێشوو تونس، زین عابدین بن علی ڕۆڵی لە لاوازکردنی ڕۆڵی سەربازی لە کاروباری سیاسیدا لە تونسدا هەبووە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەوڵێکی کودەتا لە ساڵی1991 هەبووە، بۆیە لێرەوە سەرۆکی دەوڵەت هەوڵی داوە، کە چاکسازی لە کاروباری سەربازی وڵاتەکەیدا بکات، کە ئەویش خۆی دەبینیەوە لەوەی کە(بووجەی سەربازی کەم بکاتەوە بەتایبەت لە ساڵی 2010) و پلە بەرزکردنەوەی ڕاگرتن و بەشێک لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانی خانەنشین کرد و ڕۆڵیشیانی دیارکرد بە بەرگریکردن لە نیشتیمان لە مەترسی دەرەکی، واتە زین عابدین بن علی ڕۆڵی سەربازی کە هەوڵی دەستێوەردان بکات لە سیاسەتدا کەم کردەوە(نحاس:2019)، بۆیە لە سەروبەندنی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا بەتایبەت لە تونس هێزی سەربازی تونسی بەرژەوەندییان لەگەڵ سیستەم نەبوو، بۆیە پشتگیری سیستەمی سیاسیان نەکرد دژی گەل، ئەوەشیان ڕەت کردەوە، کە توندوتیژی دژی نارەزایەتییەکان بەکاربهێنن، بۆیە ئەو ئاڵوگۆڕەی ڕوویدا لە تونس ئاشتخوازانە بوو نەک پێچەوانەکەی(نحاس:2019).

ڕۆڵی هێزی سەربازی لە وڵاتی میسر بەهەمان شێوە بووە، کە دژی نارەزایی و خۆپیشاندان نەبووە، شۆڕشی میسر لە25 ینایر 2011 دەستی پێ کرد، کە توانی ڕژێمەکەی حسنی مبارک کۆتایی پێ بهێنێت، ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو، لەوانە(قانون الطوارىء)کە لە ساڵی 1967 کاری پێ دەکرا، بەپێی ئەم یاسایە کۆتوبەندی توند هەبووە لەسەر(چالاکی سیاسی، وریکخستنی خۆپیشاندان و ڕێکخستنی سیاسی ڕێگە پێ نەدراوە، هەر بەپێی ئەم یاسایە زیاتر لە(7000)کەس دەستەبەرکرابوو و ژمارەی زیندانیانی سیاسی(30.000) کەس(التعبير:2019).

سوپای میسر دوای گەورەبوونی خۆپیشانەکان بڕیاریدا، کە پارێزگاری لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکات، لەوانە پارێزگاری لە وەزارەتی دەرەوە و تەلەفیزیۆنی میسر، بەڵام لەگەڵ هەبوونی سوپا خۆپیشاندران هەوڵی چوونە ناویانداوە، لە ڕۆژی یانزەهەمی خۆپیشاندان و هەینی دووەم کە ناونرابوو هەینی رحيل(بي بي سي:2014) و میلۆنان کەس نوێژیان لە مەیدانی تەحریدا کرد. و لە ڕۆژی هەینی سێیەم لە(11/شوبات 2011) سوپای میسر لە ڕاگەیاندراوێکدا ڕایگەیاند کە"پێویستە ڕێوشوێنی هەموارکردنی دەستوور بگیرێتەبەر، هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بکرێت. ئەنجامدانی چاکسازی" و هەمان ڕۆژ عمر سلێمان جێگری سەرۆک ڕایگەیاند، کە سەرۆک میسر حوسینی مبارەک وازهێنانی خۆی لە دەسەڵات ئاشکرا کرد(وثايق الثورات العربية:2011).

ئەنجوومەنی باڵای هێزە سەربازییەکان لە میسر کە دەستەیەکی بچووک بوون لە گەورە بەرپرسان و ئەفسەرانی سەربازی پێکهاتبوون، دوای وازهێنانی حوسنی مبارەک بڕیارياندا بە گرتنەدەستی کاروباری دەوڵەت تا هەڵبژاردنی داهاتوو، هەتا هاتنە سەرکاری عبدالفتاح سیسی لە مایو 2014 و ڕۆڵی سوپا لە بێلایەن بوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سوپا بەرژەوەندی ئابووری گەورەی هەیە، چونکە لە بەهاری2012دا ئەنجوومەنی باڵا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا جێگری وەزیری بەرگری ئاشکرای کرد، کە داهاتی سوپا لە چالاکییە ئابوورییەکانی ساڵانەیدا(198) ملیۆن دۆلارە(مارشال:2015).

سوپا لەگەڵ ئەوەی کە هەڵوێستی خۆی بە زۆری یەکلایی لە میسردا نەکردەوە، لە سەرەتادا بێلایەن بوو، دواتر کە خۆپیشاندان فراوان بوو سوپا بڕیاریدا بە پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمنی، دواتر ڕایگەیاند کە لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەراندایە، و بەشێکە لە گەلی میسری، ئەمەش سەرکەوتنی شۆڕشەکەی خێراتر کرد، بەجۆرێک حوسنی مبارەکیان ڕازی کرد بە وازهێنان لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و گەل(رشيد:2015). کە ئەم دۆخەیان تایبەت بە تونس و میسر و ڕۆڵی هێزی سەربازی تیاندا، ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە.

### 3-3 گۆڕانکارییەکان لە هەریەکە لە دەوڵەتانی سوریا و لیبیا و یەمەن و ڕۆڵی هێزی سەربازی تیایاندا

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سوریا و یەمەن و لیبیا ڕوویاندا، هێزی سەربازی ڕۆڵی تیایدا هەبووە. پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی. بۆ نموونە لە سوریادا، سیستەمی حکومڕانی سیستەمێکی شمولی بووە، کە پارتی بەعسی ئیشتراکی بە تەنیا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، تاکڕەویەکی تەواوی جێبەجێ دەکرد، گەلیش بە تەواوی پەراوێز خرابوون بەتایبەتی گەنجان، گەندەڵیش بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاو بووبووەوە و قەیرانی زۆر ڕووی لەم سیستەمە کرد بوو (بوش:2014،ل68).

هەژاری بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو. بەپێ هەڵسەنگاندنەکان لە ساڵی 2010 نزیکەی 7 ملیۆن کەس واتە لە 34% گەلی سوریا لەژێر هێڵی هەژارییەوە بوون. بێکاری لە ساڵی 2008 لە 16% بووە، بۆیە کەمینەیەک لە سوریا دەستیان بەسەر ئابووری دەوڵەتدا گرتبوو، خراپی ئاستی ژیان و ئەمانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی قەیرانی سوریا، هەروەها کێشەی کورد لە سوریا ڕۆڵێکی کاریگەری لە دروستبوونی قەیرانی سوریادا هەبووە ، بەتایبەت کە نزیکەی 3 ملیۆن کورد بە تەواوی پەراوێز خرابوون، تەنانەت ڕەگەزنامەی سوریشیان نەبووە(بوش:2014،ل69-72).

قەیرانی سوریا لەوە دەستی پێ کرد، کە خوێندکارانی خوێندگەیەک داوا ڕووخاندنی ڕژێمیان دەکرد، ئەمانە دەستگیر کران، لە 15 مارس2011 لە دیمەشق خۆپیشاندان کرا، بەڵام بەزۆر و هێزی سەربازی دامرکێنرایەوە. لە 18 مارس لە درعا خۆپێشاندانی گەورە کرا، کە داوای چاکسازییان دەکرد، بەڵام بە هێزی ئەمنی بڵاوەیان پێ کرا، خۆپیشاندان تا 30 مارس بەردەوام بوو، تا سەرۆکی دەوڵەت لە یەکەم گوتاریدا ئەمەی بە پلانگێڕی دژی دەوڵەت دانا(اسكندە ر:2015،ص80-81). لە سوریا سوپا و ڕژێم بەرژەوەندییان یەک بووە، بۆیە سوپا بە تەواوەتی هەوڵی پاراستنی ڕژێمی داوە، نەک ئەوەی کە بێلایەن بێت.

هەر لە یەکەم مانگی ناڕەزایەتییەکانەوەی سوپای دەوڵەت دژایەتی ناڕەزایەتییەکانی دەکرد، ئەمە بووە هۆی پێکدانی بەردەوامی سوپا و خەڵکی ناڕازی، یەکەم دیاردەی چەکداری و پێکهێنانی ئەفسەرانی ئازادیخواز، لە مانگی جونی 2011 لەلایەن مقدەم"حسين هرموش" بۆ دژایەتی کردنی ڕژێم دروست بوو(بسوني:2013)، بۆیە بە زیادبوونی توندوتیژییەکان لە دژی خەڵکی مەدەنی، زیاتر ئەفسەری سەربازی لە ڕژێمی سوریا جیا دەبوونەوە، هەتا دروستبوونی سوپای سوریا ئازاد و سوپای عەرەبی سوری. بەم شێوازە ململانێ بەردەوام بوو، هەتا دروستبوونی ڕێکخراوی داعش لە خاکی سوریادا لە ساڵی 2013 دواتر ململانێی نێوان تەواوی لایەنەکان لە سوریا درێژەی کێشا (المكرهين:2014)، بۆیە هەتا دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە سوریا ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو، دۆخی ئەنارشییەت و بۆشایی ئەمنی دروست بوو، کە کاریگەری لەسەر تەواوی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە.

شۆڕشی لیبیا ئەو شۆڕشە بوو، کە لە( 17ی شوباتی 2011) دا ڕوویدا، لە چوارچێوەی شۆڕشی بەهاری عەرەبیدا دژی سیستەمی سیاسی لیبیا، کە موعەمەر قەزافی سەرۆکایەتی دەکرد، کە بۆ یەکەم جار لەشاری( بنغازی) یەوە دەستی پێ کرد، دواتر بۆ شار و شارۆچکەکانی تر پەلی هاویشت، لە( 20ی ئابی 2011) دا شۆڕشگێڕانی لیبیا چوونە ناو تەرابلوسی پایتەخت و دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا گرت(بي بي سي:2019). لە (16ی شوبات)دا پێکدادانی خوێناوی لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی لیبیا و بەکرێگیراوەکاندا ڕوویدا، لەو میانەشدا هێزە ئەمنییەکان تەقەیان لە خۆپیشاندەران و جەماوەری ناڕازی کرد لە شارەکانی(بەنغازی و بەیزا و درنە و ئەجدابیا).

لە 17ی شوبات دا خۆپیشاندەران لە شارەکانی لیبیا بەتایبەت بەنغازی سەرکوت دەکران و بە هێرش کردنە سەریان وک وشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی. شۆڕشی لیبیا دژی قەزافی لەژێر کاریگەری دوو شۆڕشەکەی میسر و تونس بوو. خێڵەکانی لیبیا درێژبوونەوەی قووڵیان بۆ ناو میسر و تونس هەبووە، کە بەشی باکووری ڕۆژئاوای میسر لەڕووی زمان و جلوبەرگ شێوەی گوزەرانەوە ئەوەندەی لە لیبیا دەچێت لە میسر ناچێت، بەڵام شۆڕشە عەرەبییەکان زۆرینەیان لە ناوخۆدا کێشەیان هەیە، دەبنە هۆی دروستبوونی قەیران و کێشە و نەبوونی ئارامی و سەقامگیری، کاریگەریش لەسەر ئەمنی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکەن(حمادي:1987،ص24).

دەستتێوەردانی دەرەکی لە شۆڕشی لیبیادا و توندبوونی ململانێیەکان و دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لیبیای بەرەو دۆخی ئارامی و ئەنارشیزم بردووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر نائارامی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(التير:2020)، هەروەها سەبارەت بە یەمەن هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە و قەیرانەکانی یەمەن دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی2011 کە نارەزایەتییەکان داوای ڕۆشتنی علی عبدالله صالح لەسەر دەسەلات دەکرد، مەترسی چوونە ناوەی دەوڵەت بۆ ململانێکی سەخت و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا، هەروەها نەبوونی دامودەزگایی سیاسی بەهێز، لاوازی ڕێکەوتن و تێگەشتنی چینە سیاسییە جیاوازەکان، ئیدارەدانی خراپی ئابووری دەوڵەت، سەرجەم دامودەزگاکانی وڵات لەژێر رکێفی علی عبدالله ساڵحدا(المركز الدراسات الشرق الأوسط:2015،ل2)، هەروەها لە ساڵی2011 بەدواوە یەمەن وەکو مەیدانی ململانێی نێوان سعودیە و ئێران بینراوە، سعودیە بۆ ئەوەی قەتەر و ئێران دەست بەسەر یەمەنەدا نەگرن، یارمەتی و هاریکاری بۆ چەند سەرۆکی ئاینی و سیاسی پێشکەش کردووە، ئێرانیش یارمەتیدەری سەرەکی حوسییەکان بووە. هەریەکەیان ڕۆڵیان لەت یکدانی ئارامی ئاسایشی یەمەندا هەبووە، بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆیان و تێکدانی ئەمنی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(المذحجي وأحمدوالمسلمي:2015،ص3). هەر لە سەرەتای بەهاری عەرەبییەوە سعودیە داوای لە علی عبدالله ساڵح کرد، کە لەڕێگەی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداوە دەسەلات ڕادەستی جێگرەکەی بکات، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئێران لاواز بکات، بەڵام ئێرانیش یارمەتیدەرێکی گەورەی حوسییەکانە لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە، ئەمەش بە مەبەستی لاوازکردن و بچووککردنەوەی ڕۆڵی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و سعودیە،بۆ ئەوەی دەست بەسەر گەرووی باب مەندابدا بگرێت، کە ڕێڕەوی کەشتیوانی جیهانییە(المركز الدراسات الشرق الأوسط:2015،ل13).

بەهاری عەرەبی خاڵی دەستپێکردنی کاتێکی ترە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بووە هۆی گۆڕانکاری جەوهەری لە سیستەمی سیاسی چەند دەوڵەت و دۆخی چەقبەستووی چەند وڵاتێکی لەم ناوچەیەدا گۆڕی، وەکو میسر و تونس، چەند سەرکردەیەکی دیکتاتۆریش لە دەسەلات دورخستەوە، ئەوەش بە هەوڵی نارەزایی و گۆڕینی سیستەمی حکوم لەم دەوڵەتانەدا، هەروەها دۆخی نائارامی و ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، کە ئەمنی هەرێمی ئەم ناوچەیەی بەرەو دۆخی ئەنارشیزم بردووە، بەو بنەماییەی کە بووە هۆی دەست تێوەردانی نێودەوڵەتی لە هەریەکە لە یەمەن و سوریا، بەتایبەت سوریا، کە ململانێ تا ئێستاش بەردەوامە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی بێت، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت لەنێوان وڵاتانی زلهێزدا وەکو ئەمریکا و ڕوسیادا.

### 3-کاریگەری ڕووداوەکانی وڵاتانی بەهاری عەرەبی لەسەر ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی2011

ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەبەر ئەوەی بووە هۆی گۆڕانکاری لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەریشی لەسەر ئاسایش وئارامی هەرێمی ئەم ناوچەیە هەبووە، بۆیە گرنگە ببێتە خاڵی سەرەتایی هەموو گەڕان و پێزانینێک، کە بەدوای فاکتەرەکانی نائارامیدا بگەڕێت. لەبەرئەوە ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیە و کاریگەری بەهاری عەرەبی چیە لەسەر ئەم نائارامی و دروستبوونی ئەنارشیزم لەم ناوچەیەدا؟ لێرەوە ئەم بەشە دابەش دەبێت بۆ سێ باسی سەرەکی، کە ئەوانیش بریتین لە باسی یەکەم: ڕۆڵی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەر کردنی ئەنارشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای 2011، هەروەها باسی دووەم: ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی ساڵی 2011، باسی سێیەم: ڕۆڵی ڕوسیا لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011.

### 3-1 ڕۆڵی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەر کردنی ئەنارشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای 2011

هاریکاری هەرێمی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گرنگی و بەیاخی زیاتر پێ درا، لەبەرئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نەیتوانی بە تەواوی کارەکانی خۆی هەڵبستێت، بۆیە ڕێکخراو گەلێکی زۆر دروستبوون بۆ هاریکاری هەرێمی لە بواری سیاسی، ئابووری و ئاسایشدا(حضر:2007،ص93). مەبەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بریتییە لەو ناوچەیە کە دەکەوێتە نێوان هیند و نیمچە دورگەی عەرەبییەوە، کە زانای جیوستراتیژی ئەمریکی ئەلفرێد ماهان لە ئەیلولی 1911 لە وتارێکدا لە گۆڤاری National Revew بەکارهێناوە، هەروەها دواتر لە چوارچێوەی کتێبێکیدا چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەکارهێنایەوە. دواتر ناوچەی کەنداوی عەرەبی لە چوارچێوەی ئەم ناوچەیەدا بووە، کە دەوڵاتانی میسر، تورکیا، قوربس، ئێران، ئەفغانستان و..هتد(الشكري:2012،ص513-418).

## 3-1-1 ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی 2011.

نەتەوە یەکگرتووەکان، گەورەترین ڕێکخراوی یەکگرتووە لەسەر ئاستی جیهان، لە ماددەی یەکەمی دیباجەی هاتووە:"هاتنەدی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی"(ميثاق الأمم المتحدة). ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوەیە، هەروەها جۆرەکانی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کێشە و ڕووداوەکان کە لەسەر ئاستی جیهان ڕوودەدەن جیاوازە بەپێی ڕووداوەکە، بۆ نموونە:(جاداللە:2005،ص196)

-لەڕووی سروشتی دەستێوەردانەوە: وەکو دەستێوەردانی سیاسی، دەستێوەردانی سەربازی، دەستێوەردانی ئابووری، دەستێوەردانی مرۆیی و شێوەی دەستێوەردانەکان یان بەشێوەی ڕاستەوخۆیە یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆیە.

-لەڕووی دەستێوەردانی تاکی و کۆمەڵییەوە: دەستێوەردانی تاک دەوڵەتی و دەستێوەردانی کۆمەڵی دەوڵەت.

-لەڕووی شرعییەتەوە: دەستێوەردانی مشروع ئەوەیە، کە لەگەڵ دەستێوەردانی نێوەدەوڵەتی دژ نەبێت و دژی یاسایی نێودەوڵەتیش نەبێت، دەستێوەردانی نامەشروعیش بریتییە لەوەی دژی یاسایی نێودەوڵەتی بێت.

ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو کۆی گشتی ڕێکخراوەکە، لە ڕووداوەکانی بەهاری وڵاتانی عەرەبیدا بریتی بوون لە بڕیار، کە ئەم بڕیارەکانیش زۆرتر لەڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بووە، کە لەخاڵی دووەمدا ڕوون دەکرێتەوە، بەڵام لە بواری ئابووری و زیانە ئابوورییەکانی نائارامی و پشێووی، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان ساڵانی 2011 بۆ 2015 بەتایبەتی وڵاتانی بەهاری عەرەبی 613.8 ملیار دۆلار بووە، ئەمەش بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە بووە(تیلور:2016).

## 3-1-2ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارەکانی بۆ سوریا و لیبیا و یەمەن

### سەبارەت بە سوریا

بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە کاروباری سووریا زۆربەیان پەیوەستن بە پاراستنی ئارامی و ئاشتی لەو وڵاتدا، بەو گوزارشتەی کە ململانێیەکانی ئەم دەوڵەتە سەردەکێشتێت بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی تر، دەبێتە هۆی ململانێی نێودەوڵەتی، بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چوار بەیانی سەرەکی دەربارەی باوردۆخی سووریا دەرکردوە دەربارەی ئەم وڵاتە،ئەوانیش لە3/ئاب/2011،و21/مارس/2012، 4/ نیسانی/2012، 2/ئۆکتۆبەر/2013 و چوار بڕیاریشی دەربارەی ئەم وڵاتە دەرکردووە(علو:2014).

بڕیاری(2043) ئەنجوومەنی ئاسایش جەختی دەکردەوە لەسەر وەستانی هەموو کارێکی ئاژاوەگێڕی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێگە کردنەوە بۆ گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکان و دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی فرەیی و دیموکراسی، کە هاوڵاتیان تیایدا یەکسان بن و پاراستنی هەموو جیاوازییەکانیان، دەست پێکردنی گفتوگۆی سیاسی گشتگیر لەنێوان حکومەتی سوریا و هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا و وەستانی هەموو کارێکی ئاژاوەگێڕی لەنێوان لایانە ناکۆکەکاندا(قرار المجلس الأمن:2012). و بڕیاری(2254)تایبەت بە سوریا لەدیسەمبەری 2015 داوای دەستپێکردنی گفتوگۆی ئاشتی دەکات لە ساڵی 2016 و تیایدا هاتووە، کە گەلی سوریا خۆیان داهاتووی خۆیان دیاری دەکەن و دەبێت حکومەتێکی ئینتیقالی لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردەوە بێتەدی، هەروەها لە کۆنفراسی دووەمی جنێڤدا کە نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەوازی کرد بۆ لایەنە ململانێکەرەکان لەناو سووریادا.

بەستنی ئەم کۆنفراسی جنێف دووە لە(20-31/ 1/2014)و دانیشتی دووەمی لە(10-15/ شوبات/2014)بوو، ئەمەش بۆ کۆتایی هێنانبوو بەڕێگەی داخراو چارەسەر کردنی کێشەکان و دروستکردنی حکومەتی

ئینتقالی(الطیب:2018،ص447)، هەروەها بڕیارەکانی (2268)کە تایبەت بوو(بڕیارنامەی ٢٢٦٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە کۆی دەنگ لە٢٦ی شوباتی ٢٠١٦ پەسەندکرا. ئەنجومەنەکە داوای وەستاندنی شەڕ وپێکدادانەکان و ڕێگەدان بە چوونە ژوورەوەی کارمەندانی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ ناو سوریای کرد)، و بڕیاری(2118) کە تایبەت بە(بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سوریا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ بڕیاری ژمارە (٢١١٨)ی سەبارەت بە داماڵینی چەکی کیمیایی لە سوریا)، بڕیاری(2209) تایبەت بە(هەرچەشنە بەکارهێنانی ماددە کیمیاییەکانی وەک چەک لە شەڕی ناوخۆی سوریادا ئیدانە کرد و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی کرد، ئەگەر جارێکی دیکە چەکی کیمیایی لە شەڕەکەدا بەکاربهێنرێتەوە). ئەمانە تایبەتمەند بوون بە سوریا و چەندین کۆبوونەوە کۆنفراسی تر نێودەوڵەتی تر کراوە، بەڵام هیچ کەمیان نەیان توانیووە کە چارەسەری کێشەی سووریا بکەن.

### سەبارەت بە لیبیا

ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاسایش کارا و کاریگەرتر بوو لە لیبیادا، ئەویش بەب ڕیاری 1973 لە17 مارس2011، ئەم بڕیارەش لەسەر داوای ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو بوو لە7/مارس/2011دا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لە 12/مارس/2011 دا داوای لە کۆمکاری عەرەبی کردبوو، کە هاوپەیمانی ناتۆ دەستتێوەردان لە کاروباری لیبیادا بکات، ناوچەی دژە فڕین بەسەر ئاسمانی لیبیادا بسەپێنێت و هاوسەنگی لە بەرژەوەندی شۆڕشگێڕان یەکلا بکاتەوە، دواتر هەر ئەم بڕیارە سیستەمی سیاسی لیبیای گۆڕی(علو:2014). لە(21ی شوبات٢٠١١)بەهۆی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆمەڵێک بەرپرسی حکومەتی لیبیا دەستیان لەکار کێشایەوە لەوانە(موستەفا عبدالجلیل وەزیری داد)، لە(25ی شوبات٢٠١١)، نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لە کوشتنی هەزاران کەس دەکرد لە میانەی رووبەڕووبونەوەکانی لیبیادا. (باراک ئۆباما)سەرۆکی ویلایەتەیە کگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاری بلۆککردنی موڵکەکانی موعەممەر قەزافی واژوو کرد.

لە(26ی شوبات2011)ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی چەند سزایەکی بەسەر ڕژێمی لیبیادا سەپاند، وەک قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە لیبیا بلۆککردنی بنەچەکان، ڕێگرتن لە سەفەری ژمارەیەک لە پایەکانی ڕژێمی لیبیا. لێرەوە شۆڕشگێڕان پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی گواستنەوە(ئینتیقالی )ڕاگەیاند، لەو کاتەشدا وەزیری داد دەستی لەکار کێشایەوە،(موستەفا عبدالجلیل )بووبە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی گواستنەوە لیبیا. لە(1ی ئازار2011) کۆمەڵەی گشتی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری‌دا لیبیا لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، کە لە(47) ئەندام پێک دێت دەر بکات. لە(7ی ئازار٢٠١١)ناتۆ دەستی کرد بە چاودێری کردنی ئاسمانی لیبیا بەدرێژایی کات. لە(10ی ئازار2011) فەرەنسا دانینا بە ئەنجومەنی نیشتمانی گواستنەوە وەک نوێنەری شەرعی گەلی لیبیا(الجزیرة نت:2011).

لە(17ی ئازار2011)ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ناوچەی دژە فڕینی لەسەر ئاسمانی لیبیا دەرکرد، هەموو ڕێشوێنێکی پێویستی بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لیبیا گرتەبەر. لە(19ی ئازار2011) بە بەشداری هەریەک لە فەڕەنسا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا پرۆسەی(فجر الاودیسە)ی سەربازی دژ بەسیستەمی لیبیا دەستی پێ کرد، بە ئامانجی ڕێگرتن لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن ڕژێمی لیبیاوە دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی. لە(22ی ئایار2011)یەکێتی ئەوروپا نوسینگەی خۆی لە شاری بەنغازی لەژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی گواستنەوە ڕاگەیاند. لە(27ی حوزەیران2011) دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی یاداشتنی دەستگیرکردنی بۆ هەریەک لە موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیا و کوڕەکەی(سەیفو لئیسلام) و(عەبدوڵڵا سەنوسی ) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دەرکرد. لە (15-27 ی تەمووز2011)ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا وبەریتانیا دانینا بە ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ قۆناغی گواستنەوە، وەک دەسەڵاتێکی شەرعیی لە لیبیا(الجزیرة نت:2011).

**سەبارەت بە یەمەن**

ئەنجوومەنی ئاســـایشـــی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی 14/نیســـان/2015دا، بەپێی بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە (2216) دەرکرد تایبەت بە بارودۆخی یەمەن، بڕیارەکە ئەوەی لەخۆگرتبوو، کە قەدەغەکردنی پێدانی چەک بەحوســـییەکان و لایەنگرانی علی عبدالله ســـاڵح بکرێت، داواشـــی لە حویســـییەکان کرد دەربچن لەو ناوچەنەی دەستیان بەسەردا گرتووە، بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارەکانی2014 لە ساڵی(2011)و بڕیاری2051 لە(2012)و بڕیاری 2140 لە(2014)و بڕیاری 2201 (2015) و بڕیاری 2204 لە(2015)، هەموویان تایبەت بوو بەوەی، کە داوای لە ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و کۆمکاری عەرەبی کرد. بەشـــێوەیەکی خێرا و بەپەلە دەســـتێوەردان لە کاروباری یەمەن بکات ، بە دەســتێوەردانی ســەربازیشــەوە، بۆ پارێزگاریکردن لە یەمەن وگەلی یەمەن لە داگیرکاری حوسییەکان(قرار المجلس الأمن،2015).

ڕۆڵی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕۆڵێکی یەکلایکەرەوەی سەرەکی نییە، لەبەرئەوەی دەوڵەتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی خاوەنی بڕیارەکانن و بەردەوام ململانێ لەسەر ئەو ناوچە و دەوڵەتە دەکەن، کە دەبێتە جێ نفوزی خۆیان، لەبەرئەوە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بەو دۆخەی شڵەژاوەی، کە دوای ساڵی 2011 هێنایەکایەوە. جۆرێک بە نائارامی و ئەنارشییەتی لەسەر ئاسایشی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست کردووە، کە کاریگەری و لێکەوتەکانی بە زوویی تەواو نابن، بۆیە ڕاپەرین و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بووە هۆی گواستنەوەی ململانێی ولاتانی گەورە و زلهێز بۆ ناوچەکە، دیارترین نموونەش سوورییایە.

## 2-3ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی ولاتانی عەرەبی ساڵی 2011

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو پێیەی ولاتێکی گەورە بەهێزە و کاریگەرە لە سیستەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی، ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا هەیە، بەتایبەت ئەو ڕووداوەنەی کە پەیوەندییان بەناوچەیەکەوە هەیە، کە بەرژەوەندی ئەمریکایان تێدایە، نموونەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ولاتانی ئەم ناوچەیە. بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، کە ڕێڕەیی سیاسەت و بەرژەوەندی گۆڕی بەتایبەتتریش لەو ولاتانەی کە گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیاندا ڕوویدا. جا دیبلۆماسی و هێزی سەربازی دوو هۆکاری سەرەکی بەکارهێنان بوو لە بەهاری عەرەبی و دوای بەهاری عەرەبی بۆ ولاتانی زلهێز.

### 1-2-3ڕۆڵی دیبلۆماسیەتی ئەمریکی لە ڕووداوەکانی سوریا و یەمەن

دبلۆماسی بەکارهێنانی زیرەکانەیە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە فەرمییەکان لەنێوان حکوومەت و دەوڵەتە سەربەخۆکان(الشامي:2007،ص35). پێویستە ئەو لایەنانەی دبلۆماسی دەکەن و سەربەخۆن، کیانێکی ڕاگەیاندراو بن. پێناسەی هارولد نیکلسون: زانای بەریتانی بۆ دبلۆماسیەت: بریتییە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەت لەڕێگەی گفتوگۆوە، یان ڕێگای چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی ئەو پەیوەندییانەیە لەڕێگەی سەفارەت و نێردراوەکانەوە (صباريني2009،ص13).

(دبلۆماسیەت کردارێکی سیاسییە، کە ئامانجی تەنها بەدیهێنانی پەیوەندی ئاشتیانەی دەوڵەتەکان نییە، بەڵکو دوورخستنەوەی ئەگەری جەنگ و مەترسییەکانیشیەتی)،(الشامي:2007،ص20)، بۆیە بەکارهێنانی هێزی نەرم و تێکەڵکێشکردنی بەهێزی ڕەق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان گونجاو و کارپێکراوە لەلایەن سیاسەتی زلهێزەکانەوە، بەتایبەتی هێزی زیرەک، کە"بریتییە لەتوانایی کارەکتەری نێودەوڵەتی بۆ تێکەڵکردنی هێزی ڕەق و نەرم بەشێوەیەک، کە پشتگیری بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی کارەکتەری نێودەوڵەتی بکات بە لێهاتوویی و کارایی"(ابو حلاوة:2016،ص57-58)، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی دیبلۆماسی ئەمریکا بەرانبەر بە ڕووداوانەی، کە ولاتانی بەهاری عەرەبیدا ڕوویانداوە دەخرێتەڕوو.

### 1-هەڵوێستی ودیبلۆماسی ئەمریکا بەرانبەر قەیرانی سوریا

ئەم هەڵوێستە شێوەیەک لە گرژی و ئاڵوزی تیایدایە، هەندێک جار بەرەو ئاراستەی چارەسەری دیبلۆماسی دەچێت بە لادانی بەشار ئەسەد و پشتگیریکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوری، چونکە ئەمریکا نەیویستووە لەدوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی دووبارە خۆی توشی جەنگێکی تر بکات، لەدوای جەنگەکانی عێراق و ئەفغانستان، بۆیە سەبارەت بە سوریاش هەوڵی ئەوەی داوە، کە بە دیبلۆماسیەت چارەسەر بکرێت نەک بەب واری سەربازی، ترسی ئەوەی هەبووە، کە لە سوریاش توشی قەیران ببێتەوە(ابراهیم:2016،ص55). ئەمریکا ویستی ئەوەی نەبووە، لەبەرئەوە ستراتیژییەتی سەرکردایەتی کردنی لە پشتەوە جێبەجێ دەکرد، بەتایبەت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا، بۆیە ویستی هەرەس پێ هێنانی ڕژێمی سووریا هەڵگرت بۆ کاتی گونجا و لەگەڵ زیاتر کردنی سزایی ئابووری زیاتر، بەڵام کاتێک ڕژێمی سووریا چەکی کیمیاوی بەکارهێنا ئەمریکا لە ئانوساتی ئەوەدا بوو، کە هێرشی سەربازی بکاتە سەری، بەڵام بەهۆی دەست پێشخەرێکی ڕوسیا بۆ داماڵینی چەکی کیمیایی ئەمریکا پاشگەزبوویەوە(ناصري واخرون:2017،ص249).

### 2-هەڵوێستی دیبلۆماسی ئەمریکی سەبارەت بەیەمەن

هەوڵوێستی دیبلۆماسیەتی ئەمریکی سەبارەت بە یەمەن تا ڕادەیەک دژ یەک و دوولایانی بووە، بەتایبەت لە سەرەتای شۆڕشی یەمەنەوە، "ئەمریکا هەڵوێستی وا بوو ،کە ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، بەڵام دوای ماوەیەک لە تێپەڕبوونی شۆڕشەکە ئەمریکا مەیلی بە لای شۆڕشگێراندا شکایەوە. لە سەرەتادا سەرۆکی یەمەن دەستپێشخەرییەکی کرد لە شوباتی2011، سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما ڕایگەیاند، کە ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنییە بە ئاراستەی چاکسازی، هەروەها باڵوێزی ئەمریکا لە سەنعا ئەوەی ڕاگەیاند، کە هەموو ململلانێیەکان دەبێت بە گفتوگۆ دانووسان کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام هەڵوێستی ئەمریکا گۆڕا، کاتێک علی عبدالله ساڵح ڕایگەیاند، کە نارەزایەتییەکانی یەمەن ئەجێندای ئەمریکای لە پشتەوەیە، بەتایبەتی دوای هەینی کەرامە، کە کوشتارگەیەکی زۆر ڕوویدا. ئۆمابا ڕایگەیاند، کە دەبێت هەموو ئەوانەی لە پشت ڕووداوەکانەوەن سزا بدرێن و ئەمریکا لەگەڵ گۆڕانکاری سیاسیدایە لە یەمەن"(ابراهیم:2016،ص55).

## 2-2-3 ڕۆڵی هێزی سەربازی ئەمریکی لە سوریا وعێراق

سیاسەتی دەوڵەتانی زلهێز پشت بەسیاسەتی نەرمە هێز دەبەستن بۆ بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام ئەگەر ئەمە نەیتوانی بەرژەوەندییەکان بەدەست بهێنێت، ئەوا پەنا بۆ هێزی ڕەق دەبەن بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانیان.

**١.سەبارەت بە سووریا**

ئەمریکا لە سەرەتای شۆڕشی سوریادا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خواست ویستی ئەوەی نەبووە، کە ڕاستەوخۆ بەهێزی سەربازی، ڕژێمی سیاسی لەو وڵاتەدا بگۆڕێت، بەڵکو بۆ دەرچوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری دەکرد، بۆ ئەمەش ستراتیژی سەرکردایەتیکردن لە پشتەوەی بەکاردەهێنا، بەڵام کاتێک کە ڕێکخراوی تیرۆستی داعش بەشێکی زۆری سوریای داگیرکرد و پێشلکاری لە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدا. باراک ئۆباما ئەوەی ڕاگەیاند، کە پێویستە هێزی سەربازی ئەمریکی دەستیوەردان لە سوریا لە دژی داعش بکات، بە لێدان لە بارەگا و بنکەکان، تا ئێرەش سیاسەتی ئەمریکا خۆپارێزی بووە لە جەنگ، بۆ ئەوەی سیناریۆی عێراق دووبارە نەبێتەوە(الزيات:2015،ص39)، بەڵام کاتێک کە ڕوسیا لە کۆتاییەکانی ساڵی2015 دەستیوەردانی لە سوریا کرد، ئەمریکا بڕیاریدا بە چەک و یارمەتی سەربازی پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی چەکداری بکات، لێرەوە ستراتیژییەکە بریتی بوو لە(صلال:2017):

- پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی سوری لەڕووی لۆجستییەوە بە چەک و ڕاهێنان .
- هەڵکشانی توندوتیژییەکانی سووریا دەرگای زیاتری دەکردەوە، بەرووی فەرزکردنی مەرجەکانی ئەمریکا، ئەمەش کاردانەوەی دەبوو لەڕووی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕوسیادا.

• بەکارهێنانی فشاری نێودەوڵەتی لە ئەنجوومەنی ئاسایش وەکو دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە سوریا، بەتایبەتی لە کێشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیانی لە دژی مەدەنی.

• ڕێکخستن و کارکرن بۆ دوای ئەسەد، لەگەڵ خۆبەردوورگرتن لە دووبارە بوونەوەی سیناریۆی عێراق.

بەگەیشتنی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی، ستراتیژییەتی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەرهات بە ئاراستەی(دیاب:2018):

1. سیاسەتی هەڵکشانی دوژمنکاری لە دژی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

2. لێدان و تێکشکاندنی ڕێکخراوی داعش و دەستپێکردنی پێشبڕکێ و کێبڕکێ لەسەر دابەشکردنی نفوز لە سوریا، وەستانی یارمەتییە سەربازییەکان بۆ ئۆپۆزسیۆنی سووری، بەردەوامی پرچەکدارکردنی کوردییەکان و پاشەکشەکردنی ئۆپۆزسیۆنی سوری لە مەیدانی ململانێ و جەنگ دوای وەستانی یارمەتییەکانی ئەمریکا.

3. نەبوونی ستراتیژییەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بە قسە لەگەڵ کەوتنی ئەسەدن، بەڵام بە کردار ئەمەیان نییە، بۆیە ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لە سوریا پشتی بە دوو ڕێڕەوی سیاسی دەبەست، کە بریتی بوون لە: یەکەم: دیبلۆماسی لە دانوسانەکانی جنێف بۆ بەرەنگاربوونەوە هەوڵەکانی ڕوسیا، دووەم: سەربازی و لۆجستی بوو.

**2.سەبارەت بە عێراق**

سەبارەت بە جەنگی عێراق، لە 6ی ئازاری2003دا، واتە چەند ڕۆژێک پێش پرۆسەی داگیرکردنی عێراق، جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا سووربوونی خۆی بۆ داماڵینی چەکی کۆ کوژی عێراق و لابردنی ڕژێمەکەی دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند((ئێمە لەبەردەم کات و ساتێکی ناسک و یەکلاکەرەوە داین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی گەلی ئێمە و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بەهۆی ڕژێمی سەدام و چەکە کۆمەڵکوژ و ترسناکەکەی، کە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، لە ستەم و دوژمنکاری و ئەنجامدانی تاوان. سەدام و چەکە کۆمەڵکوژەکەی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆن بۆ وڵاتەکەی و گەلی ئێمە و تەواوی جیهان، ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەنگاری ئەم هەڕەشەیە نەبێتەوە، ئەوا ئێمە پەنا بۆ هێز دەبەین و ناتوانین دەستەوەستان بین، تاکو بزانین تیرۆرستان و ئەو دەوڵەتانەی داڵدەیان دەدەن چی دەکەن، ئێمە سوورین لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانە لە هەر کوێیەک بێت، ئێمە گەلی ئەمریکا بەجێ ناهێڵین بۆئەوەی لە ژێر ڕەحمەتی ڕژێمی سەدام و چەکە کۆمەڵکوژەکەیدا بن))(هێتوتی:٢٠٠٣،ل100). دوای ئەمە ئەمریکا لەڕێگەی چەند پلان داڕێژەرێکی بەتواناوە پلانێکی سەربازی دانا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، ئەویش بەسێ ڕێگا(شێخانی:٢٠٠٨،ل67):

یەکەم/ هێرشکردن لەڕێگای بەکارهێنانی خاکی تورکیا و لەناو هەرێمی کوردستان، کە کورد هێزی کاریگەری پاڵپشتبن بەرەو سامەڕا و بەغداد.

دووەم/ هێرشکردن لەڕێگای بەکارهێنانی خاکی کوەیتەوە بۆ گرتنی ڕومێلە وسالمیە، بەڕێگای زێی فورات خوارووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عێراق بگرن.

سێیەم/هێرشکردن لەڕێگای بەکارهێنانی خاکی ئەردەن وسعودیەوە بۆ تێکهەڵکێشانیان لەگەڵ هەردوو هێزەکەی تر.

لەلایەکی ترەوە وڵاتانی تری دراوسێی عێراق جگە لەکوەیت، ڕێگەیان نەدا کە خاکەکەیان بەکاربهێنرێت لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، لەگەڵ ئەوەی سعودیە و ئەردەن ڕێگەیان بە موشەک و فڕۆکە ئەمریکییەکاندا بە ئاسمانی وڵاتەکەیاند تێپەڕبن بۆ لێدانی عێراق، بەڵام کوەیت ڕێگەی بە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپیمانەکانیدا کە خاکەکەی بەکاربهێنن بۆ هێرشکردنە سەر عێراق(العلوی:2005،ص147)، بۆیە ئەمە هەر شتێکی لە ناکاو نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەمریکا بوو لەبەرئەوەی لە سیاسەتی ئەمریکا دەوڵەتانی عێراق و ئێران و سوریا و لیبیا بە دەوڵەتانی نەخوازراو(الدولە المارقة- Rogue States) دەنرابوون(القریشي:2018،ص206). بەم شێوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی خاکی کوەیتەوە لە 20ی ئازاری 2003دا هێرشی سەربازییان کردە سەر عێراق و لە ماوەی 19ڕۆژدا ولە 2003/4/9 توانیان کۆنتڕۆڵی

بەغدادی پایتەختی عێراق بکەن، دواتریش سەرجەم دامودەزگا حکومییەکانیان لەم وولاتە هەڵوەشاندەوە و کۆتاییان بە ڕژێمی(34) ساڵەی(سەدام حسێن)هێنا.

## 3-3 ڕۆڵی ڕوسیا لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ساڵی 2011

ڕوسیا وڵاتێکی کارا و کاریگەرە لە سیاسەتی جیهانیدا، بەتایبەتی لەدوای بەهاری عەرەبی ڕۆڵی ڕوسیا زۆر فراوان و گەورە بوو، کە لەدوای جەنگی ساردەوە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا ئەمەی بەخۆییەوە نەبینیبوو، بۆیە ئەمەش وەکو دەرفەت سەیر کرا بۆ گەروەکردنی هەژموون وفراوانخوازییەکانی ڕوسیا لە دەرەوەی سنووری خۆی، بەتایبەتی ئەو سنوورە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، بۆیە ڕوسیاش لەلایەکەوە دیبلۆماسیەتی بەکارهێنا ولەلایەکی ترەوە هێزی سەربازی دەرحەق بەڕووداوەکانی دوای بەهاری عەرەبی.

### 3-3-1 ڕۆڵی دیبلۆماسیەتی روسی لە ڕووداوەکانی لیبیا و یەمەن

ڕوسیا لەڕووی دیبلۆماسییەوە ئێستا ئەنجوومەنی ئاسایشی کردووە بە بنەمای کارکردنی ئەویش بە هەبوونی مافی ڤیتۆ، ئەمەش وەکو هێزی ڕوسیا لێکدەدرێتەوە، بەتایبەتی بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی، بۆیە ڕوسیا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە"پێویستە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو مەرکەزی سەرەکی ئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بمێنێتەوە لە سەدەی 21"دا(نادكارني:2014،ص3).

#### 1-سەبارەت بەلیبیا

کاتێک بڕیاری1973 لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەربارەی لیبیا دەرچوو، ڕوسیا دژی بڕیارەکە نەبوو، دەنگیشی بۆ نەدا و مافی ڤیتۆشی بەرانبەر بڕیارەکە بەکار نەهێنا، هەروەها لەستراتیژییەتی ئەمنی قومی ڕوسیا هەتا ساڵی 2020 بریتیی بوو لە"پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش ببنە ڕەگەزێکی مەرکەزی لە سیستەمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییە جێگیرەکان، کە پشت ببەستێت بە ڕێزگرتن و ماف و هاریکاری یەکسان لەنێوان وڵاتاندا بەشێوەی ئاڵوگۆڕ، دامەزراوە سیاسییەکان بۆ چارەسەر کردنی قەیرانە جیهانی وهەرێمییەکان"(شحيل:2017،ص56-57)، هەروەها ستراتیژییەتی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی دەبینێتەوە لە:

1. خۆدوور خستنەوە لە جەنگی ئەتۆمی و هەڕەشەی جەنگی جیهانی تر.
2. دروستکردنی پەیوەندی هاوپەیمانی و هاریکاری زیاتر.
3. ژیانەوەی ئابووری ڕوسیا وب اشتر کردنی ئاستی ژیانی گەلی ڕوسی.
4. باشترکردنی دیموکراسی ڕوسی.
5. هەوڵدان بۆ باشترکردنی نفوزی ڕوسیا لەژێر سایەی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەگەڵ ململانێی سیاسی و سەربازی، کە نەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە ئاسیای ناوەڕاست.
6. گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت لەڕووی سامانی سروشتییەوە(المعهد الأكاديمية الروسية:2000،ص10-11).

وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لاڤرۆڤ ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ڕوسیا بەشداری هەڵمەتی سەربازی بکات لە دژی هێزەکانی معمر قەزافی، وتی"ڕێکخراوی ناتۆ بڕیاری ژمارە 1973 ئەنجوومەنی ئاسایشی لە لیبیا جێبەجێ دەکات ، پێویستە ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرین". بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ڕوسیا شکستێکی دیبلۆماسی گەورەی کرد لە بواری دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری و سەربازیدا، چونکە ئەمە وای لە ڕوسیا کرد دواتر هەست بە فێڵکردنی دیبلۆماسیەتی ڕۆژئاوایی بکات، ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەری لە هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە سوریا(شحيل:2017،ص67-68). لەبەرئەوە دیبلۆماسیەتی ڕوسی نەیتوانی هیچ ئامانج و دەستکەوتێک بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا دەستەبەر بکات لە شۆڕشی لیبیادا، بۆیە لە دۆخی ئەنارشییەتی و ناسەقامگیری، کە ئەنجامی ڕووداوەکان دەکەوێتەوە، دبیلۆماسیەت ناتوانێت ڕۆڵێکی دیاری هەبێت.

### ٢.سەبارەت بەیەمەن

دیبلۆماسیەت و سیاسەتی ڕوسی لە ڕووداوەکانی یەمەن ناودەبرێت بە بێلایانی، یان هەندێکجار بە سیاسەتێکی ئاڵوز، چونکە ئەم سیاسەتە زۆر بەکەمی خۆی دەستێوەردان دەکات لە کاروباری بەشێکی زۆری وڵاتان، وەکو سیاسەتی ئەمریکا لەلایەن دان بە دەسەڵاتی عبد ربه منسور هادی دەنێت، مامەڵەی لەگەڵ دەکات وەکو دەسەڵاتێکی شەرعی، و چارەسەری دەوێت، بەبێ ئەوەی هەڵوێستی یەکلایکەرەوەی هەبێت بەرانبەر حوسییەکان، پشتگیری هیچ هەوڵێک بۆ کودەتا ناکات لە یەمەن، وەکو چۆن دژ یان پشتگیری بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەکرد دژ یەمەن(المرکز الفکر الاستراتیجي:2018). وەکو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش(2216)تایبەت بە یەمەن ئەوەی لەخۆگرتبوو"وەستانی توندوتیژی، دوورخستنەوەی هێزەکانی حوسییەکان لە پایتەخت، و دەستدرێژییەکان بۆ سەر حکومەتی یەمەن ڕابگرێت، وراگرتنی هەر هەڕەشە و دەستدرێژییەک بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و هتد..."(القرار الآممي 2216).

ڕوسیا لە یەمەندا بە تەواوی هەڵویست و سیاسەتی جیاوازە، لەبەرئەوەی بە بنەمای"لەگەڵ هەموو لایانەکاندا گفتوگۆ دەکات، بەڵام متمانە بەکەسیان ناکات- تحدث مع کل، لکن لا تثیق بأحد"، بۆیە دوای سەردانی مەلیک سەلمان بۆ ڕوسیا لە ئۆکتۆبەری 2017دا، ڕوسیا ئامادەی پیشاندا بۆ هەر هەوڵێک، کە ئامانج لێی گۆرانکاری بێت لە مادده و بەندە یاساییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش تایبەت بە یەمەن، لەبەرئەوەی سیاسەتی ڕوسیا لە ئێستادا سیاسەتێکی سوومەندگەر و هەلپەرستە، جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا پێش هەموو شت، بەتایبەت ڕێککەوتنامە ئابووری و سەربازییەکانی(الناجي:2019).

### 3-3-2 ڕۆڵی هێزی سەربازی ڕوسیا لە سوریا

لەدوای بەهاری عەرەبی سووریا لەڕووی سەربازییەوە، بۆتە مەیدانی ململانێی نێودەوڵەتی لەنێوان ئەمریکا و ڕوسیادا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا هەوڵی بچووککردنەوەی سیاسەت و فراوانخوازییەکانی ڕوسیا دەدات. لەبەرانبەریشدا هەوڵی پاراستنی بەژەوەندییەکان ئەمریکا دەدات(الشیخ:2012،ص299)، بۆیە ڕوسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەیەوێت سیستەمی نێودەوڵەتی، سیستەمێکی فرە جەمسەری بێت و ڕوسیا یەکێک بێت لە جەمسەرەکانی. ئەو بڕیارانەی دەدرێت بڕیارێکی فرە جەمسەر بێت لەژێر سایەی یاسایی نێودەوڵەتیدا، بۆیە جەخت دەکاتەوە لەسەر گێرانی ڕۆڵی سەرەکی لە نەتەوە یەککگرتووەکان بەگشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش بەتایبەتی(مدخ:2014،ص173).

لەڕووی جیوسیاسی و ئەمنییەوە،بۆ ڕووسیا، سووریا وەکو مجالی حیوی وایە، بەتایبەتی لەڕووی ئەوەی کە ڕوسیا دەرچەی دەریایی نییە، بۆیە سووریا دەبێتە دەرچەیەکی دەریایی گرنگ بۆی، هەروەها بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری و نائارامی و ئەنارشیەت لە سوریادا، ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سنوورەکانی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەڕاست و قاوقاز، ئەمەش مەترسی لەسەر ئەمنی ڕوسیا دروست دەکات، چونکە سروشتی پەیوەندی نێودەوڵەتی هاوچەخ گۆڕاوە بۆ گەمەیەکی ناسفریە(non-zero sum game) لەنێوان هێزە مەرکەزییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی هاوچەرخ، هەموو کارلێک کردنەکان لەسەر بنەمایی بەرژەوەندی ناهاوچوونیەک و بەژەوەندی هاوبەشن(عبد الحی:2012،ص9-10).

لە17/ئاب/2015 وەزیری درەوەی سووریا داوای ناردنی هێزی ڕوسیا کرد ،بۆ ئەوەی یارمەتی سووریا بدەن لەبەرانبەر تیرۆرستان، و جەختیش کردەوە لەسەر هاوکاری لەنێوان هێزەکانی ئێران و سووریا و ڕوسیا، کە ئەمە هاریکارییەکی قووڵ وستراتیژییە. لەبەرئەوە سوپای ڕوسیا لە30/ئەیلوول/2015 لێدانی ئاسمانی دەست پێ کرد لە دژی داعش(إلیاس:2016). بۆیە هۆکارەکانی دەست تێوەردان لە سوریا بریتی بوو لە(مي:2015):

1. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ویست وەمەیلی ڕوسیا بۆ گەڕانەوە و باشترکردنی ڕۆڵی خۆی بۆ سەر شانۆی نێودەوڵەتی، بۆیە قەیرانی سووریا باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەمە.

2. لەسەر ئاستی هەرێمی، پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پارێزگایکردن لە بوونی ڕوسیا و گەشتن بە ئاوە گەرمەکان، دروستکردنی بنکەی سەربازی ئاسمانی لەطرطوس لە سوریا.

3. لەسەر ئاستی ناوخۆیی، دروستکەرانی بڕیار لە ڕوسیا، لاوازی ڕژێمی سووریا هۆکار بوو بۆ داستێوەردان، لەڕێگەی سوریاشەوە پاراستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئێراندا.

4. لەسەر ئاستی ئابووری، سووریا هاوبەشێکی ستراتیژی گرنگی ڕوسیا، بەشێوەیەک بازرگانی ڕوسیا لەگەڵ سوریا 1.92 ملیار دۆلار بووە ساڵی 2011، وەبەرهێنانی ڕوسی لە سوریادا گەیشتووەتە 20 ملیار دۆلار، سووریا کڕیارێکی باشی چەکی ڕوسیا بەشێوەیەک لەنێوان ساڵانی 20006 بۆ 2013 بە بەهایی 8 هەشت ملیار دۆلار چەکی کڕیوە لە ڕوسیا(مریم:2014،ص92-93).

5. مۆسکۆ وای دەبینێت کە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی شۆڕشگەلێکی ئیسلامین توندڕەوەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، و ڕوسیا لەوە دەترسێت شۆڕشی سووریا توندڕەتر بێت لەوانی تر و زیاتریش بڵاوببێتەوە(trenin: 2013).

ڕوسیا پێی وایە کە"سووریا یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر وەستاوە، ئەگەر ئەم وڵاتە تووشی ناسەقامگیری و نائارامی بێت ئەمە کاریگەری لەسەر تەواوی ئارامی ناوچەکە دەبێت، بۆیە کەوتنی سووریا دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە دەریایی سپی ناوەڕاستەوە بۆ کەنداوی عەرەبی و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تەواوی ناوچەکە بەرەو ئەنارشیزم و نائارامی سەربکێشێت و ڕێکخراوە تیرۆستییەکان لەناو ئەم ناوچەیەدا کارا وکاریگەر بن".

**لێرەوە لەسەر بنەمای ئەوەی پێشەکەشکرا دەکرێت کە:**

• ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییەی کە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە سەرهەڵداوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری ئەنارشیزمی نێودەوڵەتی لەسەرە، بەتایبەت لەو بوارەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و سیستەمی نێودەوڵەتی کە سیستەمێکی ئەنارشیزمە، تەواوی دەوڵەتان پشت بەخۆیان دەبەستن بۆ ئەمن و ئاسایشی خۆیان، دەستتێوەردان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان وڵاتانی زلهێزی هانداوە بۆ دەستێوەردان، ئەمانیش درکیان نەکردووە لە ئەنجامدانی هەر کارێک کە ململانێیەکان توند بکات و بەرژەوەندییەکانیش بەدی بهێنێت.

• بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێیەکانی لەم ناوچەیەدا زیاتر کردووە، بەتایبەتی لەنێوان وڵاتانی زلهێزدا.

• هێزی هەرێمی هەن، کە دەیانەوێت ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر ناوچەکە هەبێت، وەکو ئێران وتورکیا و سعودیە، بۆیە ئەم سێ هێزە هەرێمییە هەموو کارێک دەکەن بۆ بەرژەوەندییەکانیان و دروستکردنی هاوپەیمانی نوێ بۆ ململانێکردنی بەرەی دژی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەنارشیزم و نەبوونی نائارامی وسەقامگیری دەبێت لەم ناوچەیە.

• ڕۆڵی یاسایی نێودەوڵەتی لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لاواز بووە، چونکە ئەم یاسایە ئەو کات شەرعییەت و ڕەوایەتی وەردەگرێت، کە چوونیەک بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکان دەوڵەتی گەورە و زلهێزدا، بۆ نموونە دەستێوەردانی ناتۆ لە لیبیا کە ڕوسیا لەگەڵی نەبوو و دژیشی نەبووە، لە دواتردا هەستی بەفێڵ لێکردن کرد، بۆیە لە سوریا دەستێوەردانی کرد.

• لەم ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێکدانی بەرژەوەندی هەیە لەنێوان وڵاتانی زلهێز و گەورەدا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و سیستەمی نێودەوڵەتی هاوسەنگی بەرژەوەندی هەیە ،کە زلهێزەکان حسابی ئەوە دەکەن چیان دەست دەکەوێت، بەرانبەر چی دەست دەکەوێت. بۆیە لەم ناوچەیەدا لەبەر گرنگی پێگەی ئەم ناوچەیە، دەوڵەتانی زلهێز خاوەنی بەرژەوەندی، ئەم بەرژەوەندییانەش دەکرێت هاوتەریبی یەکتر نەبن، بەڵکو بە پێچەوانەوەوە یەکتری ببڕن، لەم کاتەشدا پێکدادانی بەرژەوەندییەکان دروست دەبێت، ئەمەش دەکرێت ببێتە سەرەتایی خاڵی ناکۆک و دژ بەیەکتری، بۆیە هەم کاریگەری ئەنارشیزمی نێودەوڵەتی هەم لاوازی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بەهۆی ئەو گرفت و قەیرانانەی کە توشی سیستەمی سیاسی ئەم دەوڵەتانە هاتوون، هەموو ئەم هۆکارانە، بوونەتە هۆی دروست بوونی جۆرێک لە نائارامی وناسەقامگیری لەم دەوڵەتانەدا، کەواتە ئەم جۆرە ئەنارشیزمەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتاندا هەیە، هەبوونی بەرژەوەندی و پێکدانی بەرژەوەندییەکان لەنێوان دەوڵەتاندا لەم ناوچەیەدا، هەبوونی

قەیرانە ناوخۆییەکان لەدوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەناوخۆی دەوڵەتانی عەرەبیدا، هۆکارن بۆ ئەنارشیزمەی کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

**لەکۆتایی توێژینەوەکەم بەناونیشانی** کاریگەری سیستەمی نێودەوڵەتی لەسەر ئەمن و ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەخۆ گرتبوو، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای ساڵی 2011 هەتا ٢٠٢١و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەدوای ئەم ڕووداوانەوە ڕوویداوە. کە تیایدا لە هەندێ وڵاتاندا گۆڕانکاری ڕیشەیی ڕوودواوە وەکو لیبیا و تونس، بە گۆڕانی سیستەی سیاسییان، هەندێکی تریان تا بە ئێستاش قەیرانەکە بەردەوامە، وەکو سووریا، کە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی زلاتانی گەورە و زلهێزیش نەیتوانی چارەسەری دۆخی ئەم وڵاتە بکات.

ئەو ڕووداوانەی وڵاتانی عەرەبی لەدوای ساڵی 2011 بەدواوە، دۆخێکی دروست کردووە، کە دۆخی ئەمنی و ئاسایشی تێکداوە و دروستبوونی ئەنارشیزم لەم ناوچەی دروست کردووە و وای کردووە ئەمنی هەرێمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فشۆڵ بێت، ململانێ نێودەوڵەتییەکان تیایدا زەق و بەرچاو بن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک .

## ئەنجامگیری

– سیستەمی نێودەوڵەتی ئەنارشیزمە، بەبێ هەبوونی گەورە و سەیدێک، کە توانای بەسەر سیستەمەکەدا بشکێت و هێزەکانی ناوی ملکەچ بکات، لەم دۆخەدا ئەوەی کە بەچاو دیارە دەوڵەت دەبێت خۆی دابینکەری سەرەکی ئەمنی خۆی بێت، پشت بە ئەوانی تر نەبەستێت.

– ئەو ئەنارشیزمە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، درێژکەرەوەی سیستەمی ئەنارشیزمی نێودەوڵەتییە، وڵاتانی زلهێز ململانێ نێودەوڵەتییەکانیان گواستووەتەوە بۆ ئەم ناوچەیە، ئەمەش زیارتر دۆخی نائارامی و ناسەقامگیری و ئەنارشیزمی لەم ناوچەیە دروست کردووە.

– بەهاری عەرەبی لەدوای ساڵی 2011 گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووە لە هەندێ دەوڵەتی ئەم ناوچەیە، نموونەی میسر و تونس و لیبیا، بەڵام چ گۆڕانکارییەک؟ ئەو گۆڕانکارییەی کە بەئاراستەی پشووی زیاتردا چووە و ناوچەکەی زیاتر بەرەو ئەنارشیزم و ناسەقامگیری بردووە.

– گۆڕانکارییەکانی دوای بەهاری عەرەبی نەبوونە هۆی سەقامگیری بەڵکو بەپێچەوانەوە، دۆخەکەیان زیاتر ئاڵۆزتر کرد، نائارامییەکە زیاتر بووە، ئەمەش بەهۆی هاتنە ناوەوەی هێزی نوێ وەکو ڕوسیا و قووڵبوونەوەی ململانێ هەرێمی لەناو دەوڵەتانی خودی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

– هەندێک لە وڵاتانی بەهاری عەرەبی گۆرانکارییەکانیان بەبێ دەستتێوەردانی سەربازی لە قۆناغی یەکەمدا بەرێکرد وەکو میسر و تونس، سەربازی ڕۆڵی نەبوو، بەڵام دواتر هەمان هێزی سەربازی کودەتایان کرد بەسەر حکومەتی مەدەنیان، واتا مەرج نیە هەموو گۆرانکارییەک بەئاراستەی باش بوونی دۆخی ناوخۆ دەوڵەت هەنگاو بنێت، بەڵکو دەکرێت بە پێچەوانەوە بێت.

– ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ڕۆڵێکی یەکلایکەرەوە نەبووە، بەقەد ئەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لەژێر چەتری وڵاتانی زلهێز وخاوەن هەژمووندایە، بڕیارەکانیشی بە بەرژەوەندی ئەم وڵاتانەیە.

– قەیرانی ئەنارشیزم و دروستبوونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، ئەم ناوچەییەی زیاتر بەرەو ناسەقامگیری بردووە، ئێستا و داهاتووشی ڕوون نییە، قەیرانی سووریا وا نزیک بۆتەوە لە دەیەیەک، بەڵام بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، چونکە بەرژەوەندییەکان پێکدا دەدان، ئەمەش ململانێی نێودەوڵەتی دروست کردووە و چەقی ململانێی نێودەوڵەتیش گواستراوەتەوە بۆ سووریا.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: بەڵگەنامەکان**

- مبادیء المنظمة الأمم المتحدة، علی ربط

- https://www.un.org/ar/sections/un-charter/chapter-i/index.html

**- دووەم: فەرهەنگ بەزمانی کوردی**

- ئاشوری،داریوش، پازارگاد، د.بەهائەددین(2002): فەرهەنگی نوێ، و: بورهان قانع، چ1،سلێمانی: چاپخانەی قانع.
- عباس،گەیلان(2012): فەرەنگی رامیاری، سلێمانی.
- عبدالخالق، مسعود(2008): مەوسوعەی جودی، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.

**- سێیەم: فەرهەنگ بەزمانی عەرەبی**

- ایفانز غ، راهام و نوینهام،جیفري (2004):قاموس بنغوین للعلاقات الدولية، ط1، الامارات، مركز الخليج الآبحاث.
- بيلى ،فرانك(2004)، معجم بلاكويل للعلوم السياسية، ط1،ترجمة: مركز للابحاث،الامارات، مركزالخليج للابحاث.
- ربیع ،د.محمد محمود ، مقلد ،د.اسماعيل صبرى(1994) ، الموسوعة العلوم السياسية،ج1،الكويت، مؤسسة الكويت للتقدم العلمي.
- السياسية ،الموسوعة ، النظام الدولي، من الاربط :
- bit.ly/3WKL6Bf
- مفرج ،اسعد ولجنة من الباحثين(2006)، موسوعة عالم السياسة تعريف شامل بالسياسة فكراَ وممارسة، ج11، بيروت، دار نوبل للنشر و التوزيع.
- ميثاق الأمم المتحدة، الفقرة الأولى من المادة 1، على ربط https://www.un.org/ar/charter-united-nations/index.html

**- چوارەم: القرارات الأممية**

- بنود القرار الأممي رقم 2216 حول اليمن، من الانترنت على https://arabic.rt.com/news
- بنود القرار الأممي رقم 2216 حول اليمن، من الانترنت على https://arabic.rt.com/news
- القرار المجلس الأمن رقم (1451) سنة 2002، من ربط
- https://undocs.org/ar/S/RES/1451(2002
- قرار مجلس الأمن رقم 2216 بشأن اليمن، الجزيرة نت،2020/11/27 على ربط https://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2015/4/15
- قرار مجلس الأمن التابع للأمم المتحدة رقم 2043، 21/ نسان/ 2012، https://undocs.org/ar/S/RES/2043%282012%

- پێنجەم: کتێب بەزمانی کوردی

- بجورنلۆند،بریتا(2007): جەنگی سارد، وەرگێڕانی: هەژار رەحیمی، زنجیرە مێژووی جیهان ژمارە (16)، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر.
- رەحیم، ئاکۆ حمە کریم(2009)، سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پاش رووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر،سلێمانی: سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی کوردستان.
- رەئوف ،هاوڕێ(2012): دەریای زانیاری گشتی، چاپی2،چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
- شێخانی ،مشعان حمد(2008) ، عێراق و شەڕ و ئەمریکا،چ1،هەولێر، چاپەمەنی ئاوات.
- فیشەر ،ه.ا.ل(2009): مێژووی نوێی ئەوروپا، وە: لەعەرەبیەوە: شکور سلێمان، سەروین ئەرجان: چ1،هەولێر،چاپخانەی رۆژهەڵات.
- قادر، ناسک (2002)،چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فارۆق رەفیقدا، پاکس ئەمریکانا،سلێمانی، چاپخانەی رەنج.
- موهەندیس ،نەوزادی (2007)، بیردۆزەی فەوزای دروستکەر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
- هالیدای ،فرێد(2004)، ئەو دوو سەعاتەی جیهانی هەژاند،و:کامیل محمد قەرەداغی، سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- هێتوتی ،نەوزاد عبداللە(2009) ، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دوای 2003،چ1، دەزگای موکریانی.
- هابرماس ،یورگن و فترۆس ،میر علی(-) ، 11ی سێپتەمبەر، و:شۆرش غفوری، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

- شەشەم: کتێب بەزمانی عەرەبی

- اسكندر ،عمر (2009)، سورية ازمة شعب،ط1،القاهيرة،مركز أمية للبحوث و الدراسات لأستراتيجية.
- ابو حلاوة ،كريم (2016)، سياسات القوة الذكية في السياسة الخارجية ودورها في العلاقات الدولية،مركز دمشق للأبحاث والدراسات.
- العلوي، حسن (2005)، العراق الأمريكى، ط1،بغداد، المطبعة قلم.

– القريشي ،حيدر موسى منخي(2018) ، التخل العسكري واثاره في العلاقات الدولية(دراسة العراق و ليبيا أنموذجا)،ط1،القاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع.
– بوش ،دفييد دبلو(2014)، سورية سقوط مملكة الأسد،ت:أنطوان باسيل،بيروت، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر.
– جادالله ،محمود (2005)، إدارة الأزمات،عمان، درا أسامة للنشر و التوزيع.
– حسين ،د. خليل (2010)، المنضمات القارية و الأقلمية، ط1، بيروت، دار النهل البنانى.
– حمادي ،د.سعدون(1987) ، الوحدة العربية والتجزئة والحرب، تونس، منشورات الطليعة.
– الحي،وليد عبد(2012): محددات السياستين الروسية و الصينية تجاه الأزمة السورية، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة.
– حبيب، د.كميل و عودى ،احمد (–)، قاموس المفردات الدبلوماسية و العلاقات الدولية ،لبنان، المؤسة الحديثة للكتاب.
– الخزرجيد ،. ثامر كامل (2005)، العلاقات السياسة الدولية و استراتيجية إدارة الأزمات، ط1 ، الأردن، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع.
– خضر ،د.هانى إلياس (2007)، صراع الإرادات في اسيا: دراسة في مستقبل الإقليمي في اسيا و أثره على الشرق الأوسط،ط1،(ديمشق: مركز الشرق للدراسات.
– الرمضانى، د.مازن اسماعيل(1991) ، السياسة الخارجية: دراسة نظرية، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية.
– الزيات ،محمد مجاهد,(2015) مسارات متشابكة :إدارة الصراعات الداخلية المعقدة في الشرق الاوسط ,القاهرة، المركز الاقليمي للدراسات الاستراتيجية.
– سليم ،محمد السيد (1998)، تطور السياسة الدولية في القرنين التاسع عشر و العشرين، ط1،القاهرة، دار الأمين للطباعة و النشر و التوزيع.
– ساخروف، تأريخ روسيا(2000)، معهد روسيا الأكاديمية الروسية، موسكو.
– الشامى ،د.على حسين(2007) ، الدبلوماسية–نشأتها–وتطورها–وقواعدها نظام الحسانات و الامتيازات الدبلوماسية، ط3،عمان، دارالثقافى.
– الشيخ،نورهان (–)، روسيا والتغيرات الجيوستراتيجية في الوطن العربي،(الدوحة، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
– صبارينى ،د.غازى حسين(2009) ، دبلوماسية معاصرة (دراسة قانونية)، ط2، عمان، دارالثقافة.
– فايسباخ ،وريال ميراك(–) –،مهوسون في السلطة – تحليل نفسي لزعماء استهدفتهم ثورات ،شركةالمطبوعات للتوزيع والنشر،لبنان،بيروت.
– كوبر ،روبرت(2005) ، تحطم الأمم النظام و الفوضى في القرن الحادي والعشرين، ت:د.زهير السمهورى، ط1، السعودية، مكتبة العبيكان.
– كار ،وليام غاى(–) ، احجار على رقعة الشطرنج، ت: سعيد جزائري، بيروت: دار النفاس.
– كيسنجر ،هنري (1995) ، الدبلوماسية من الحرب الباردة حتى يومنا هذا، ت: مالك فاضل البديري،عمان، الأهلية للنشر والتوزيع.
– قرم،د.جورج (2011)،تاريخ أوروبا و بناء أسطورة الغرب، ت: د.رلى ذبيان، ط1،بيروت،دار الفاربي.
– المذحجي ،ماجد و أحمد ،أسيل سيد و المسلمي، فارع (2015)، أدوار الفاعلين الإقليميين في اليمن وفرص صناعة السلام، مركز صنعاء للدراسات الاستراتيجية، غرفة الأزمات اليمنية.
– د.محمود خلف، مدخل الى علم العلاقات الدولية، ط3، (عمان–الاردن،دار زهران، 1997).
– مصطفى ،فرهاد جلال(2010): الأمن و مستقبل السياسة الدولية، المؤسسة حمدى للطباعة و النشر.
– ناصري ،سميرة واخرون(2017) ، الشرق الأوسط في اجندات السياسة الخارجية الأمريكية دراسة تحليلية للفترة الانتقالية بين حكم أوباما و ترامب،ط1،برلين،المركز الديموقراطى العربي.
– نادكارني، فيديا (2014)، الشراكات الستراتيجية في اسيا توزانات بل تحالفات، دراسات،ط1،ابوظبي، مركز اليمارات للدراسات والبحوث الستراتيجية.
– هاليدي ،الفريد(2002) ، ساعتان هزتا العالم، ت: أعداد مركز الحرمين للإعلام الإسلامي،السعودية، مكتبة نور.

**– حەوتەم: دراسات باللغة العربية:**

– ابراهيم ،نهال احمد سيد احمد (2014)، تحولات السياسة الخارجية الأمريكية في دول الربيع العربي دراسة حالة :اليمن–سوريا"2010–2015"، رسالة ماجستر منشور ،جامعة محمد خيضرة– بسكرة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية.
– حمة ،فردون صالح(2006) ، تحليل السياسة الخارجية الأمريكة من المنظور المدرسة الواقعية"ادارة جورج دبلو بوش نمووجاً"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النهرين – كلية العلوم السياسة.
– مريم ،مالكي(2014) ، السياسة الخارجية الروسية إتجاه الأزمة السورية(2011 – 2014)، رسالة ماجستر منشور، جامعة الجيلالي بونعامة بخميس مليانة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية.
– جمشي ،محمد(2011) ، نظريات العلاقات الدولية بين التعددية و الهيمنة، رسالة الماجستير، جامعة باتنة، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية،.

- مدوخ ،نجاة (2014) ، السياسة الخارجية الروسية تجاه منطقة الشرق الأوسط في ظل التحولات الراهنة(دراسة حالة سوريا 2010 -2014)، رسالة ماجستر منشور ،جامعة محمد خيضرة-بسكرة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية.

**- هەشتەم: گۆڤار بەزمانی کوردی:**

- ئەسەسەد ،فەرید(2011): لیبیای پاش قەزافی و ئەگەرەکانی ئاینده، گۆڤاری گولان، ژماره (820)، هەولێر.
- سەمەدی ،مەهدی(2006): ڕێکخراوی ناتۆ و ئەرکەکانی پاش برانەوەی جەنگی سارد، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژماره (6). سلیمانی.

**- نۆیەم: گـۆڤار بەزمانی عەرەبی:**

- الطيب، محمد حمدان(2018)، تسوية الأزمة السورية في ضل التوازنات الأقليمية و الدولية قراءة في مؤتمر جنيف 2 و3، مجلة الحقوق و العلوم السياسية، ع9.
- العمار ،د. منعم صاحي(2010) ، الولايات المتحدة الأمريكية بعد المحافظين الجدد، مجلة القضايا السياسية، جامعة النهرين - كلية العلوم السياسة، عدد(19-20).
- فريق الأزمات العربية(2015) ، الأزمة اليمنية إلى أين،عمان ، الاردن، المركز الدراسات الشرق الأوسط، عدد 7.
- الشكري، كمال (2012) ،مشروع الشرق أوسطية والأمن القومى العربي، مجلة جامعة دمشق للعلوم الأقتصاديةو القانونية، عدد1.
- وثائق الثورات العربية عام 2011 ، السياسة الدولية ،عدد 187 ، يناير 2011 ، قرص ملحق1.

**- دەیەم: ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:**

- زەڵمی ،عەلی حەسەن(2011): پانۆرامای ڕووداوە گرنگەکانی عێراق و ناوچەکە و جیهان، ڕۆژنامەی هەولێر، ژماره( 1224)، 29-12-2011.

**- یانزدەهەم: ڕۆژنامە بەزمانی عەرەبی:**

- تيلور ،ادم (2016) ، الأمم المتحدة: الربيع العربي ملف المنطقة من خساير ، الجريدة الشرق الأوسط، عدد: 13865، 2016/11/13، على ربط https://aawsat.com/home/article/783501DB1 -
- علو ،عماد (2014) ، موقف الأمم المتحدة من قشايا العرب و الشرق الأوسط، الجريدة الزمان، عدد 2250، 20،مايو،2014، على ربط https://www.azzaman.com -

**- دوانزدەهەم: لێکچەری ووتراوە:**

- Nawshirwan Hussen Saeed, key concepts in International politices, said to students of four class, University of Sulaimani, College of political and social science, part of political science, 2010 – 2011.

**- سیازدەیەم: ئەنتەرنێت بەزمانی عەرەبی:**

- إلياس ،سامر ، التدخل الروسي في سوريا ...الأهداف المعلنة والنتائج الممكنة ،مركز الجزيرة للدراسات ، يناير 2016، زيارة2024/7/19 ، متاح علي http://www.aljazeera.net ، 30 /كانون الثاني 2020 .
- بركات ، د.نظام ، تداعيات أحداث سيبتمبر على النظام الدولى، 31، 12، 2019، زيارة2024/7/23 من الربط
- http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/452a9426-53ea-4f74-a70b-897bb6eef613
- بحث عن ، خصائص النظام الدولي الجديد،2019/12/14،زيارة2024/7/4، من الربط، http://alafnan.arabblogs.com/archive/2010/6/1059493.html
- بحث كامل عن ثورة 25 يناير بالمقدمة والخاتمة، زيارة: 2024/7/4 ، من الانترنت على ربط
- https://t3bir.com/%D8%A8% 887%D8%A7
- تسلسل أحداث الثورة الليبية،2024/7/4 ، http://www.aljazeera.net/NR/EXE
- تسلسل أحداث الثورة الليبية، الجزيرة نت،2024/7/4
https://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2011
- الثورة التونسية.. باكورة الربيع العربي، الجزيرة نت، زيارة2024/7/22 ،على ربط
- https://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2016/5/
- الثورة 17 فبراير، زيارة2024/7/22 ،من الانترنت على ربط http://www.ar.wikipedia.org/wiki

- الثورة 17 فبراير في ليبيا ثورة ام حرب الأهلية، 2019/2/18، زيارة2024/7/23 ،من الانترنت https://www.bbc.com/arabic/middleeast-47280472
- الجزيرة الوثايقية، الحرب العالمية الأولى.. الأسباب والأطراف والخسائر، 2019/12/29، زيارة2024/7/9 ،من الربط:
- https://www.aljazeera.net/encyclopedia/military/2014/12/17/
- الحرب العالمية الأولى في ست عشرة نقطة... ونتيجتها على العرب، 2019/12/29، زيارة2024/7/9 ، من الربط
- https://arabic.euronews.com/2018/11/08/16-interesting-things-you-did-not-know-about-world-war-i-its-consequences-arab-nations
- حسين، د.خليل، النظام العالمي ماضيا ومستقبلا: منطق القوة بمفاهيم جديدة واساليب اكثر قسوة، 2001/9/18، زيارة:2024/7/7من الربط
- http://www.mafhoum.com/press3/95P10.htm
- حيدر صلال، التانس الروسي – الأمريكى في سوريا، مركز الديمقراطي العربي، زيارة2024/7/9 ،في https://democraticac.de/?p=46748/ 25/مايو/2017
- خلد الحروب، الثورات العربية ..بلدان ما قبل الثورة ما بعدها، زيارة2024/7/9 ،من الانترنت على ربط
- https://www.dw.com/ar/% A7
- دياب ، طارق ، "إستراتيجية ترامب في سوريا ماذا بعد ؟"، المعيد المصري للدراسات،9/شوبات/2018، زيارة 2024/7/7
- https://eipss-eg.org/% 7
- دور الجيش المصري في ثورة25 يناير المصرية، ، زيارة: 2024/7/7من الانترنت على ربط
- https://zancojournals.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/view/175
- Dmitri trenin ، التالف الافتراضي: السيةسة الروسية تجاه سورية، مركز مالكوم كير–كارنيغي للشرق الأوسط،زيارة2024/7/9 في https://carnegie-mec.org/2013/04/15/ar-pub-51496
- الربيع العربي، زيارة2024/7/9 ،من الانترنت على ربط
- https://www.marefa.orgA
- سعدالدين ،اسماء ، الحرب العالمية الثانية و اسباب الحرب، 2024/6/30، من الربط https://www.almrsal.com/post/309123
- سعيد عبدالله المهيرى، النظام العالمي الجديد و العالم الأسلامي، زيارة2024/7/20 ، من الاربط
- https://iranarab.com/Default.asp?Page=ViewArticle&ArticleID=442
- شنكاو هشام، مراحل تطور المجتمع الدولي، مركز الشرق العربي للدراسات الحضارية و الاستراتيجية، 2019/12/27، زيارة2024/7/21 ،من الربط http://asharqalarabi.org.uk/markaz/m_abhath-26-07-10-1.htm
- شانا مارشال، القوات المسلحة المصرية و تجديد الامبراتورية الاقتصادية، مركز مالكوم كير–كارنيغي للشرق الأوسط، ، زيارة2024/7/22 بحث منشور على الانترنت https://carnegie-mec.org/2015/04/15/ar-pub-597
- الشيوخ، ،محمد أسباب اندلاع ثورات الربيع العربي، زيارة2024/7/9 ، بحث منشور على الانترنت
- https://middle-east-online.com/
- شدوى محمد ابراهيم بسونى، السياسة الخارجية الروسية تجاه الأزمة السورية فى الفترة "2011-2016"، المركز الدمقراطي العربي، 2013/7/13، https://democraticac.de/?p=33933،
- صلح وتتسلفايا، زيارة2024/7/20 ،من الربط : https://www.marefa.org
- علا ،علاء الدين و عوض، علي النحاس، الدولة بين الفشل والإفشال: دراسة تطبيقية لحالة الدول العربية (ليبيا – سوريا – العراق)، بحث منشور المركز الديمقراطي العربي، زيارة2024/7/19 من الانترنت على ربط
- https://democraticac.de/?p=58705
- قراءة لأبرز الأحداث السياسية عام 2004، زيارة2024/7/19 ،من الانترنت على ربط
- https://www.aljazeera.net/knowledgegate/specialcoverage/2004/12/28
- محمد ،أ.عربي لادمي ، السياسة الخارجية: دراسة في المفاهيم، التوجهات و المحددات، المركز الديمقراطي العربي، بحث منشور علي الانترنت من الربط: https://democraticac.de/?p=41719 2024/7/4

– المكرهين، توافق ، إستراتيجية تجنب الفشل في سوريا، مركز الجزيرة للدراسات، 6شوبات 2014، زيارة 2024/7/5، https://studies.aljazeera.net/ar/article/535

–

– المفوضية السامية للأمم المتحدة لحقوق الإنسان – برنامج حقوق الإنسان لإقليم الشرق الأوسط وشمال أفريقيا، زيارة2024/7/9 ،من الانترنت على ربط https://www.ohchr.org/AR/Countries/MENARegion/Pages/MENAProgramme.aspx .

– المفوضية السامية للأمم المتحدة لحقوق الإنسان – المكتب الإقليمي للشرق الأوسط، زيارة2024/7/9 ، من الانترنت على ربط https://www.ohchr.org/AR/Countries/MENARegion/Pages/MenaRegion.aspx .

– منال نحاس، دور الجويش العربية في ثورات الربيع... الجيش التونسي استثناء، صحيفة انديندبيت العربية، زيارة2024/7/9 ، من الانترنت على ربط https://www.independentarabia.com/node .

– مصطفى التير، ليبيا من الثورة إلى اللادولة، مركز دراسات الوحدة العربية، زيارة2024/7/9 ، https://caus.org.lb/ar/

– مراوحة الصراع في اليمن و احتمالية التدخل الروسي، مركز الفكر الأستراتيجي للدراسات، 22/مارس/2018، زيارة2024/7/9 ، في https://fikercenter.com/position-papers/% –

– مصطفى ناجي، اليمن في خريطة المصالح الروسية، مركز صنعاء للدراسات الأستراتيجية، 3/يوليو/2019، زيارة2024/7/10 في https://sanaacenter.org/ar/publications-all/analysis-ar/7648 –

– مى غيث، التدخل الروسي في سوريا الأبعاد و السيناريوهات، المعهد المصرى للدراسات السياسية والأستراتيجية، 25/كانون الثاني/2015، زيارة2024/7/11 في https://eipss-eg.org

– ماهو الاناركية، (تعريف – العمدية – الاناركية و روسيا)، من الانترنت، 2019/10/27، زيارة2024/7/9 https://www.lazemtefham.com/12/2015/blog-post_61.html .

– محمد جوارنة، ما هي الحرب العالمية الاولى، 2019/12/29، زيارة2024/7/11 من الربط: https://mawdoo3.com/%D9%89 –

– مجد خضر، بحث عن الحرب العالمية الثانية، 2019/12/30، زيارة 2024/7/19 ،من الربط https://mawdoo3.com

– النظام السياسى في ليبيا، زيارة2024/7/23 ،من الانترنت http://www.aljazeera.net/NR/exeres

– يوميات ثورة 23 يناير ,ملف PDF، اقتباس من الموقع ،زيارة 2024/7/23 http://www.sis.gov.eg/Ar/last page .aspx?category-ID=1814 –

**– چواردەهەم: سایت بەزمانی کوردی:**

–خەلیل ،فەیسەڵ ، بەهاری عەرەبی.. حەوت بەهار تێپەری عەرەب ئازادی نەبینی، وەرگیراوە لەسایتی وشە http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=67087&Jor=4

**حالة الفوضى في النظام الدولي الجديد في الشرق الأوسط من 2011 إلى 2021**

**ڕێبین عبدالرحمن فتاح**
قسم الإدارة النفط وكاز وطاقة/ جامعة جرمو – جمجمال
rebin.qader@chu.edu.iq

**ملخص**
تركز هذه الدراسة على خلفية تاريخية مختصرة عن مفهوم الأناركية، ونتائجها وردود أفعالها، وأيضا على تأثير هذا المفهوم على مكانة الدول بالنسبة لمستوى قوة بعضها البعض والواقع العملي، خاصة بعد الأحداث والتغيرات التي شهدتها الدول العربية في عام 2011، هو أن ثقل الدول وموقفها في سياستها الخارجية يتناقض مع البيئة التي توجه سياستها. كذلك تركز الدراسة على بيئة النظام السياسي الدولي وتفاعل واشتباكات القوي في منطقة الشرق الأوسط، خاصة بعد المتغيرات التي شهدتها الدول العربية عام 2011، وصراع مصالح الدولية في إطار الثورات والانتفاضات... وكل التفاعلات والعلاقات التي تجري بين الدول، لا تكون إلا بالقدر اللازم لنقل مستوى تأثيرها على عدم الاستقرار الموجود في النظام الدولي.
**الكلمات المفتاحية :** الفوضوية، النظام الدولي، الشرق الأوسط

**The Condition of Anarchism in the New International Order in the Middle East from 2011 to 2021**

**Rebin Abdalrahman Fatah**
Department of Oil, Gas and Energy Management/
charmo University – chamchamal
rebin.qader@chu.edu.iq

**Abstract**
This study focuses on a brief historical background of the concept of anarchism, its results and reactions, and also on the impact of this concept on the status of states in relation to each other's level of power and practical reality, especially after the events and changes witnessed by the Arab countries in 2011, which is that the weight of states and their position in their foreign policy contradicts the environment that guides their policy. The study also focuses on the environment of the international political system and the interaction and clashes of powers in the Middle East region, especially after the changes witnessed by the Arab countries in 2011, and the conflict of interests of states within the framework of revolutions and uprisings... All interactions and relations that take place between states are only to the extent necessary to convey the level of their impact on the instability present in the international system.
**Keywords:** Anarchy, International System, Middle East